هاوکاری

التضامن

ژماره (۱۹۷) ۱٤-۱۲-۱۹۷۳

نرخی (۲۰) فلسه

تەلەفۆن ۲۰۳٦٥

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ نەکرێ

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر پێشوازی وەزیری دەرەوەی کرد

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر پاش نیوەڕۆی چوارشەممەی رابوردوو لەبارەگاکەیانا لەگۆشکی جمهوری پێشوازی وەزیری دەرەوەیان کرد • کاك مرتضی سعید عبدالباقی هەفتەی رابوردوو بەسەردانێکی رەسمی چوو بۆ یوگۆسلافیا •

ئا•د•ع

سەرەك کۆمار بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە سەرۆکی فنلەندەوە پێگەیشت

سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر ئەم بروسکە سوپاسنامەیان لە سەرۆکی فنلەندەوە پێگەیشت :

بەڕێز کاك احمد حسن بکر سەرکۆماری عیراق بەغدا :

سوپاسی ئەو بروسکە پیرۆزباییەتان ئەکەین کە بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی فنلەندەوە بۆتان ناردبوین • هیوادارم کە هەر تەندروستیتان باش بێت و گەلی عیراق بەردەوام لە پێشکەوتنابێت •

ئورهۆ کیکونین

گرتنی «۳۵» بەکرێ گیراوی ئەمەریکایی و بەریتانی لە ئۆگەندە

جەنگی نێوان شۆڕشگێڕانی خلیج و کۆنەپەرستان چۆتە قۆناغێکی نوێوە

عەدەن : ئا•د•ع : ڕۆژی ۱۲-۱۲ بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری عومان و خلیج چەند بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە تیایانا وتی : لە ٤ تا ۸ی ئەم مانگە شۆڕشگێڕان لە هەرێمی زەفار دەستی دلێرانەیان لە هێزەکانی بەریتانیا و بەکرێ گیراون وەشاندو زیانی گەورەیان لێدا • بەرە وتی : شۆڕشگێڕان بەتۆپەوە پەلامارەی مەتبەندەکانی دوژمنیان داو ۱۲ سەربازیان لێ کوشت و پێنج مەتبەندیان کاول کردو هەروەها لە ناوچەی (أبو خسفەو شیراخ وصلالەو صرفیت) زیانی گەورەیان لە دوژمن دا •

بەیاننامەکە ئەڵێ : فروکە تێژرەوەکانی بەریتانیا درندانە لەشەشی ئەم مانگەوە دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی گوندو ناوەدانی یەکانی ناوچەکە • لە لایەکی تریشەوە : کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی شیخ نشینی عومان دەستیان کردووە بە بۆردومان و سوتاندنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی زەفار • وە لە ئەنجامی ئەم دەست درێژیانەدا بەسەدان هاوولاتی شەهید بوون • بەیاننامەکە وتی : بەکرێ گیراوان ناجوامێرانەمالو کۆخی جوتیاران نەسوتێنن و ئاژەلەکانیان ئەکوژن و سەرچاوەی ئاوەکانیان پیس ئەکەن بۆ ئەوەی قات و قری بخەنە ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە • لە کۆتاییدا بەرە داوای لە ڕای گشتی دنیا کرد کە بەدەنگ ئێمە و ڕژێمی لە کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی عومان بکات بۆ ئەوەی دەست لەو سیاسەتەو کوشتن و برینە هەڵبگرن •

ئۆگەندە «۳۵» بەکرێ گیراوی ئەمەریکایی و بەریتانی گرت

قاهیرە : ۱۲-۱۲ ئەسۆشیتد پریس : لەم دواییانەدا کاربەدەستانی پۆلیسی ئۆگەندە ۳۵ بەکرێ گیراویان گرت کە زوربەیان ئەمەریکایی و بەریتانیاین • وەرادیوی کامپالا کە ئەم هەواڵەی بلاو کردەوە وتی : کاربەدەستانی ئۆگەندە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەگەڵ ئەو بەکرێ گیراوە کاسەلیسانەدا • لەلایەکی تریشەوە یەکێك بەناوی لەشکری ئۆگەندەوە ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە کە گوایا بەهۆی ئەم بەکرێ گیراوانەوە یاسای باری ناتاسایی (طوارئ) چەسپاوە وە وتی : تەنیا ئەوەی ئیمە کردمان گرتنی ئەم بەکرێ گیراوانە بوو لە سەرسنوری ئۆگەندەوە رواندا و سەرۆك ئەمین مان لەمە ئاگادار کرد •

ڕژێمی تایلاندی شپرزە کردووە

بانکۆك : ۱۱-۱۲ رویتەر : وابوو بەسێ هەفتەو کریکارانی تایلاند مانیان گرتووەو ئیش و کاری زوربەی فابریقەو دەزگا پیشەسازییەکان پەکیان کەوتووەو ئەمەش کارێکی گەورەی کردۆتە سەر باری ئابوری ئەو ڕژێمە •

ئاژانسەکە ئەڵێ : ئەو کریکارانەی مانیان گرتووە لە بانق و ڕێگای شەمەندەفەر و کارەباو پۆستەو نەوت و ئوتیل و خەستەخانەکانا ئیشیان ئەکرد جگە لە شوفیری ئوتوبیس •

وە یەکێك بەناوی دەوڵەتەوە وتی : مانگرتنی کریکارانی کارەباو بارکردن و نەوت ، کاروباری وڵاتی شێواندوە وە دوور نیە کەوەزع ئاوا بڕوات پایتەخت بەتاریکی بمێنێتەوە •

وەکو زانراوە کریکاران بەم مانگرتنەیان داوای زیادکردنی ڕۆژانەو موچەو چاك کردنی باری گوزەرانیان ئەکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی کە شتومەك بەرادەی ۱۵٪ گران بووەو ڕۆژانەی ئەمانیش وەکو خۆی ماوەتەوە •

مانگرتنی کرێکاران

ڕۆژی چوارشەممەی راوردوو کانجی کاوساکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سەرۆکی بەشی پەیوەندی دەوڵەتانی پارتی سوشیالیستی ژاپۆن بەسەردانی هات بۆ بەغدا • کاوساکی وەفدێکی حیزبی و ڕاگەیاندنی لەگەڵایەو لەدوانێکا لەگەڵ پەیامێری (ئا•د•ع) وتی : پارتی سوشیالیستی ژاپون پشتگیری تێکوشانی گەلی عیراق و گەلانی عەرەب ئەکات دژی دەستدرێژکەرە زایونیزمەکان و ئیمپریالیزمی ئەمەریکا •

ئێوارەی ۱۲-۱۱ دوکتۆر کلاوس فیلاردنگ جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری دیموکراتی ئەڵەمانیا لەگەڵ وەفدیکا هات بۆ عیراق • دکتور فیلاردنگ لە فڕۆکەخانە پەپەیامێری (ئا•د•ع)ی وت : ئیمە لە ئەڵەمانیا زۆر بایەخ بەو دەسکەوتە گرنگانە ئەدەین کەگەلی عیراق بەدەستیان ئەهێنێ • هەروەها وتی : چەند پەیوەندی یەك هەردوو گەلی ئەڵەمانیا و عیراق توندو تۆل بەیەکەوە ئەبەستێتەوە بەتایبەتی خەباتی ناوکۆییان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی • وەفدەکە لە لایەن جێگری وەزارەتی دەرەوەو بەریوەبەری گشتی تەشریفاتەوە پێشوازی کرا •

ئا•د•ع

نوێنەری میسر لە وتووێژی کیلۆمەتر ۱۰۱ بوو بە سوپا سالار

قاهیرە : ۱۲-۱۲ ئا•د•ع : کاك انور ساداتی سەرۆکی میسر چەند گۆڕینێکی لە سەرکردایەتی لەشکری میسرا کردوو بەپێی ئەم گۆڕانە ، لیوا محمد عبدالغنی جمسی کەنوێنەری میسر بوو لە وتووێژی کیلومەتر ۱۰۱ لەگەڵ ئیسرائیلدا ، بوو بە سوپا سالارۆ لیوا حسن جریدلی لە جیگای لیوا جمسی دانراو لیوا فوءاد عزیز غالی فەرماندەی لە شکری دووەم و لیوا احمد بدوی سید احمد بووبە فەرماندەی لەشکری سێیەم •

***

۹٤٦۰ کریکاری تەقاویت کراو موچەی تەقاویتیان وەرگرتووە

بەپێی سەرژمێرییەك کە داوودەزگای گشتی تەقاویتی و ضمانی کۆمەڵایەتی کردویەتی، دەرکەوتووە کە لە سەرەتای مانگی ئیسانی ۱۹٦۷ وە تا مانگی تشرینی دووەمی ۱۹۷۳ (۹) هەزارو (٤٦۰) کریکاری تەقاویت کراو موچەی تەقاویتیان وەرگرتووە •

بە تێکۆشان دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزایەتی مافی مرۆڤ ئەپارێزرێت

ڕۆژی دەی مانگی دوانزە ، ۲۵ ساڵ تێپەڕی بەسەر بڵاوکردنەوەی مافی ئادەمیزادا ، ئەو مافانەی کە لە ۳۰ بەندا دەستنیشان کران و پێشەکی یەکەی ئەوەیە کە هەموو کەسێك چوون یەك لە سەربەستی و سەربەرزی دا دێتە دنیاوە و خاوەنی عەقل و دەروونە و ئەبێ بەگیانی برایانە لەگەڵ یەکتری دا بجوڵێنەوە •

هەروەها ئەم پەیمانە جیهانییەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمۆرکراوی بڵاوی کردۆتەوە پڕە لەبەندی تر سەبارەت بەمافی ئادەمیزاد دەربارەی زامن کردنی ژیان و مافی ئیشکردن و فێربون و لەناوبردنی ڕەگەزپەرستی و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو داو پاراستنی منال و ساواو بەگژاچوونی هەموو جیاوازییەك کە بنچینەکانی لەسەر جیاوازی ڕەنگ و نەتەوە و زمان و ئایین و نیشتمان و ڕەگەزو بیروباوەری سیاسی و ... دامەزرابێت وە ئەم بڵاوکراوە گرنگە مافی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانیاری ئادەمیزاد ئەگرێتەوە و پەنجەی بۆ گەلێك گۆشەی ژیانی ئادەمیزاد ڕاکێشاوە کە بەختیارو ئاسودەبژی •

بێگومان مۆرکردنی ئەم مافانە لەکۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانا هەر بەرهەمی ئارەزووی ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی ئەم کۆمەڵەیەی ئەوسا نەبووە بەڵکو لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنی مرۆڤایەتییەوە هاتۆتە کۆڕی مۆرکردنەوە کە ئێستاش هەر بەردەوامەو داکیرکەرانی مافی ئادەمیزاد سەرسەختانە بەربەرەکانی ئەکەن و مل بۆ ئەم مافە ڕەوایانە شل ناکەن •

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە پێشێل کردنی مافی ئادەمیزاد لە چەند سەرچاوەیەکەوە هەڵئەقوڵێت ، کە ئەوانیش بەندن بەقازانج و دەستکەوتی ئابوری و دەسەڵاتی سیاسی ئەو لایەنانەوە کە ئادەمیزاد لەمافی ئاسایی خۆیان بێبەش ئەکەن ، کە لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزایەتی دا خۆیان ئەنوێنن ، واتە چینە چەوسێنەرەوەکان و داگیرکەران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی خۆیان هەریەکەو هەر لایە بەشێك لە نەتەوەکانی سەرزەمین و کۆمەڵگایەکی تایبەتی ئەچەوسێننەوەو ئادەمیزاد لەمافی ڕەواو ئاسایی خۆیان بێبەش ئەکەن • ئەوەتا تا ئێستاو دوای ۲۵ ساڵ لە مۆرکردنی ئەم باوەڕنامەیە گەلانی شیلی و ئەنگۆلاو مۆزامبیق و زەفارو گینیاو ... لەبچوکترین مافی خۆیان بێبەشن هەروەها گەلی فەلەستین بەمەرەیەك براوە کە هەموو مرۆڤایەتی شەرمەزار کردووە ، وە بەشێکی زۆری نەتەوەی کورد لەهەندێ پارچەی کوردستانا تەنانەت لەمافی بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆشیان بێبەشن • کە ئەم پێشێل کردن و بێبەش کردنانە هەندێکی بەهۆی بونی ئیمپریالیزم و هەندێکی بەهۆی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزایەتییەوە جێبەجێ ئەکرێن •

کەواتا بۆ جێبەجێ کردنی ناوەروکی ئەم باوەڕنامە مۆرکراوەو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەهەموو چەوسانەوەیەك ، پێویستە گەلان خەبات بکەن لەپێناوی لابردنی سەرچاوەو پەیداکەری جیاوازی نێوان مرۆڤداو درێژە بەخەباتی شۆڕشگێری بدەن دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و داگیرکەران و ڕەگەزپەرستان و هەموو چەوسێنەرەوەیەکدا بێگومان گەلی کورد سەبارەت بەوەی گەلێك ژیانی ناخۆش و وتاڵو توندی بەدەست داگیرکەران و چەوسێنەرەوانی نەتەوەیی و چینایەتییەوە چێشتووەو تائێستاش لەهەندی گۆشەی کوردستانا لە بچوکترین مافی مرۆڤایەتی خۆی بێبەشە ، بەشێکی زۆری ئەم خەباتە شۆڕشگێڕیە درێژخایەنەی ئەکەوێتە ئەستۆ کە دڵنیاین سەربەرزانە شان بەشانی گەلانی زۆرلێکراوو نیوە ژێردەستەو تێکۆشەری تری دنیاو بگرە لەریزی پێشەوەدا ئەروات بەرێوە •

ئیتر با ئەم بیرەوەری یە پیرۆزە هاندەری هەموو مرۆڤ پەروەرێك بێت دژی جیاوازی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزایەتی •

پتەو بڕوای بەبڕەندی نێوان ڕژێمی سعودی و سایگۆن

ریاض : ۱۱-۱۲ ئا•د•ع : وەفدێکی ڕژێمەکەی سایگون بە سەرۆکایەتی - تران فان لام - ی وەزیری دەرەوە ، بەسەردانێکی ڕەسمی چوو بۆ وڵاتی سعودی وە لەوێ لەلایەن عمر سەقافی وەزیری کاروباری دەرەوەی سعودی یەوە بەگەرمی پێشوازی کرا • فان لام بە ڕۆژنامەنووسانی وت کە نامەیەکی لە ئێووە بۆ مەلیك فەیسەلی پاشای سعودی هانیوەو لەگەڵ کاربەدەستانی ریاض دا دەربارەی مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسی هەڵوێستی ڕژێمی سایگون ئەکات • سەردانەکەشی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕژێم و سوپاس کردنی حکومەتی مەلیك فەیسەلە سەبارەت بەو هەڵوێستەی سعودی هەیەتی بەرامبەر بە ڕژێمی سایگون •

×

پێکهێنانی وەزارەتێکی تازە لە بەحرێن

قاهیرە : ئا•ر•ن : ڕۆژی ۱۲-۱۲ شیخ عیسی سلمان میری بەحرێن بڕیاری دا کە سەرلەنوێ شیخ خلیفە سلمان آل خلیفە راسپێرێ بۆ ئەوەی وەزارەتێکی تازە پێك بهێنی و ئەندامانی هەڵبژێرێ •

ئەوەی شایانی باسیشە شیخ خلیفە دوای بەناو دەنگدانە گشتی یەکەی ئەم دواییە دەستی لەکار کێشایەوە •

ئەمەریکا زیاد لە بێویست یادەرتی ئابوری و عەسکەری تەواوی سەلیمێنی بۆ

واشنتۆن : ئاژانسەکان : ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بەزوربەی دەنگی ئەندامانی داواکاریەکەی نیکسونی سەرۆکی ئەمەریکای پەسند کرد دەربارەی تەرخان کردنی (۲۲۰۰) ملیون دولار بەشیوەی یارمەتی (طارئ) بۆ ئیسرائیل •

وەنیکسون لەداواکاریەکەیدا داوای لەئەنجومەن کردبوو کە روزەردی نەکەن و ئەو داوایەی پەسندبکرێت چونکە هەروەکو خۆی وتبوی ئەم یارمەتیە عەسکەریە زۆر پێویستە بۆ ئیسرائیل بۆ پاراستنی پارسەنگی کیشەی هێزەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وتووێژەی لە ۱۸ی مانگدا لەشاری جنێف دەست پێ ئەکات و بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەران حکومەتی واشنتۆن ئەو پارەیە پەناوی قەرزەوە ئەدات بە ئیسرائیل •

Institut kurde de paris

کورتە هەواڵ

● مۆسکو : تاس : فاسیلی گاربوزۆف وەزیری دارایی یەکێتی سۆڤییەت رایگەیاند کە حکومەتەکەی ٦ر۱۷ ملیار ڕۆبلی لە بودجەی ساڵی ۱۹۷٤دا تەرخان کردوە بۆ کاروباری بەرگری و هێزی چەکدار •

● لەندەن : رویتەر : ڕۆژی ۱۲-۱۲ هەنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ ئەدوارد هیث سەرەك وەزیران و ئەلێك دۆگلاس هیومی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆبۆوە •

● جنێف : ئا•د•ع : بڕیار وایە لە ۱-۱-۱۹۷٤ کۆماری ئەڵەمانیای دیموکرات بەئەندام لە ڕێکخراوی کاری دەوڵەتاندا وەربگیرێ •

● تۆکیو : ئەسۆشیتدپریس : ڕۆژی ۱۲-۱۲ پاپۆرێکی بارهەڵگری ژاپون کە قورساییەکەی ۱۵۰ تەن بوە لەگەڵ پاپورێکی دانیمارکی کە قورساییەکەی ۱۵۲ تەن بوو لەبەندەری داکاتو لەیەکیان داو پاپۆرەکەی ژاپون نقوم بوو •

● دادگایەکی لەشکری سەهیونی حوکمی گرتنی دا بەسەر شەش پێشمەرگەی فەلەستینیدا بەتۆمەتی ئەوەی کە سەر بەرێکخراوێکی فەلەستینی و چەکیان دژی ئیسرائیل هەڵگرتووە •

خەباتی جەکدارانە تاکە ڕێگای دەستخستنەوەی مافی گەلی فەلەستینە

جوامێر

لەکاتێکەوە ئیسرائیل وەك بنکەیەکی ئیمپریالیزم لە چەقی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر حسابی گەلی زۆرلێکراوی فەلەستینو بەرژەوەندی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی هەموو ناوچەکە دامەزراندە زرێنراوەو پەروەردەکراوە، لەوکاتەوە میژویەکی چارەکە سەدەیی پڕ ناکۆکی دوژمنانەی توندوتیژ لەنێوان، گەلی فەلەستینو گەلانی ئری عەرەبو هەموو گەلانی ناوچەکە لەلایەکو ئیسرائیلو دروستکەرە ئیمپریالیستەکانی لەلایەکی ترەوە، بەردەوامەو تادێت ئەم ناکۆکیە وەکو ناکۆکیەکی سەرەکی لەناوچەکەدا ئاشکرا ترو زەقتر دێتە مەیدانەوە.

لەسەرەتای دامەزراندنی ئیسرائیلدا سەرکردە بەناو نیشتمانپەروەوەکانی عەرەب وایان پیشاندا گوایە لەم کارە رازی نین و بەرهەلستی ئەکەن، وە ئەم نارەزایەشیان بەوە دەربڕی کە لەشکریان ئامادەکردو ناردیانە مەیدانی « ڕزگارکردنی فەلەستینەوە »، بەڵام بێ گومان هەرلەکاتی نارەزایی پیشاندانەکەدادەرکەوت کە نەك هەر درۆ ئەکەن بەڵکو بەشداریشن لەجێبەجێکردنی نەخشەکەشدا، لەبەر ئەوە ئیسرائیلی تازەسەربێ کەوتوتوانی بەسەر لەشکری چەند دەوڵەتی عەرەبدا زاڵبێتو هێمنانەش بەردەوام بێت لەدامەزراندندا. بەم چۆرە یەکەم جەنگی نێوان ئیسرائیلو « عەرەب » کۆتایی هات، وە بەچۆرێکی لەوەش خراپتر جەنگەکەی حوزەیرانی ١٩٦٧یش تەواو بوو، چونکە ئیسرائیل لەم جەنگەدا نەك هەر زاڵ بوو، بەڵکو پانایەکی زۆری خاکی میسرو ئەردەنو سوریاشی داگیرکرد. وەئەمە کاریکی وای کرد بەشیکی گەورەی خەڵکی عەرەب وا هەست بکات کە ئیسرائیل هیزیکی لەشکان نەهاتوی پۆلایینەو عەرەب لەو دەسەڵاتەدا نی یە کە بتوانێت زەفەری پێ بهێنێت، وە ئەم هەستە تاڵە دریژەی کێشا تا جەنگەکەی ئەم دواییە.

جەنگی ئەم دواییە، وەکو لەهەندێك ژمارەی پێشودا نوسیبومان بەتایبەتی لەزورەپەی ڕۆژانی یەکەمیدا زۆرداستانی شکان. بەگورتی بڵێین لەشکری وڵاتەعەرەبیەکان سەرکەوتنی مەزنو ئاشکرایان بەدەستهێنا، بۆ نمونە هەڵتەکاندنی هێڵی بارلیف نمونەی گەشی ئەو سەرکەوتنانە بوو، وە وڵاتانی عەرەب لەریزی وا یەکگرتوا بوون کە بەراستی بۆ یەکەم جار بوو یەکیتی یەکی وا کۆیان بکاتەوە، جگە لەو پشتگیریە زۆرفراوانەی لەهی عەرەب کرا لەلایەن گەلانو وڵاتانوسیستەمە شورشگێڕە جۆربەجۆرەکانی دنیاوە، کە ئەم پشتگیریەش هەرگیز لەمەوپێش واپتەوو فراوان نەبوە ئەم زەمینەخۆشە بۆسەرکەوتنی عەرەب بۆ بەم ئەنجامانەی ئێستا گەیشت ؟! بۆچی لەشکری ئیسرائیل پاش ئەو هەموو جەزرەبەیەی لێی درا وابە ئاسانی پەرییەوە روژاوای کەنالی سویسو ئەنانەت بەرەو قاهیرەش کەوتە ڕێ ؟ ئەبێ ئیسرائیل چەند ملیون سەربازی هەبێت کە بتوانێت لەدوو جەبهەی سەختو فراواندا بەرامبەر هێزی ئەوهەموو لەشکری عەرەب بەرگریشی بێ بکرێتو ئینجا ئەوەندەشی پێ بپەرێنێتەوە ناو میسرو لەشکری میسر واشپرزە بکاتو لەئەنجامیشدا شەریش ڕاگیرێتو ڕژێمە دراوسێکانی ئیسرائیلیش ئامادەبن هەتا ئیسرائیل بەشەرعی بناسن ؟! هەڕی ئەمانە چی یە ؟

تاقی کردنەوە شورشگێڕانەکانی گەلانی دنیا، وە تاقی کردنەوەکانی گەلی فەلەستینی و گەلانی ئری عەرەب هەندێك ڕاستی بنچینەیی ڕوون کردۆتەوەو لە ئەنجامدا ڕیبازێکی ڕوناکیان بەرەو ئامانجی دەست نیشان کردوە، بەڵام ڕاستیە سەلمێنراوەکان ئەمانەن :

١ - لەم سەردەمەدا کەشۆڕشی سوشیالیستی شەپۆل بەرەو پێشەوە ئەروات و ئیمپریالیزم لە کۆتاییە ڕەشەکەیەوە نزیك ئەبێتەوە، ئالەم سەر دەمەدا ئەنیا ڕێبازێك سەرکەوتوانەیە کەلەگەل ئەم میژوییەدا ئەگونجێت بەپێی یاساکانی نەخشەی ئەکێشرێت. جاریبازی ڕزگاری گەلی فەلەستینو گەلانی ئری عەرەب ئەو ڕیبازە نیە کە ئەو چینەی پرولیتاریا خەباتی ئەیکێشێو پیا ئەروات، ڕوونتر بڵێین ئەو ڕیبازە نیە کە چەند ڕژێمێکی وردە بورجوازی و نیمچە دەرەبەگی عەرەبی دراوسێی ئیسرائیل کێشاویانەو پیا ئەڕۆن، چونکە ئەوەتا دەرکەوت کە ئەو ڕیبازە عەرەب بەرەو « گونگرەی ئاشتی لە گەل ئیسرائیل ئەبات.

٢ - ئەم جەنگەی دوایی سەلماندی کە ئەبێت ئەو جۆرە کردەوانەی چینە کۆنەپەرستەکان ئەیکەن بەلای شورشگێڕەکانەوە زۆر سەیرو ناچاوەروان کراو نەبێت، وە ئەبێت هەمیشە سروشتو وزەی ئەو چینانەیان لا ئاشکرا بێتو ئەوەندەش پشتیان پێ ببەسترێت.

٣ - گەلی فەلەستین تەنیا لەڕێگای خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنەوە ئەگاتە ئامانجەکانی، خەباتێك کە لەلایەن دەستەو کۆمەلانی خاوەن بیروباوەر عیلمیو گونجاو لەگەل ڕەوتی مێژوی سەردەم، دەستەو کۆمەلانێك لە فراوانترین بەرەی یەکگرتووی هەموو هێزە نیشتمانپەروەو پێشکەوتنخوازەکاندا کۆبێتەوەو کۆمەلانی خەڵك هوشیار کەنەوەو خۆیان کۆکەنەوەو ئەم بەرەیە ڕێك بخەنو بەو ڕێبازە شورشگێڕیانە سەختەدا بڕۆن تا ئەگەنە ئامانج، ئەگینا بەم جۆرەی ئیستا نەك هەر ئەو ڕێژیمە عەرەبیانە دلسۆزی مەسەلەکەنین و مەسەلەی فەلەستینیان کردۆتە باشترین کوتاڵی بازرگانی، بەڵکو تەنانەت ڕێکخراوە لسانی پێشمەرگەکانیش لەباریکی ئەوتۆ سازو کۆکدا نین کە ئەگەر هەروا بروات توانای ئەیاندنی گەلی فەلەستینیان هەبێت بەرەو ئامانجەکانی، لەزوربەی ئەو ڕیکخراوانەدا بیروڕای وردە بورجوازی سەرلێشیواو کەسانی ڕارازاڵنو تەنانەت هەندێکیان خەریکن بەدەنگ بانگەوازی خۆبەدەستەوەدانی ئەو ڕێژیمە عەرەبیا نەوەبچنو دەست لە چەك بەردەن.

جائەگەر بێتو ئەم ڕاستیانە

بروانە ل ٧

بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی کۆریای دیموکراتی دەربارەی لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کۆریا لە ڕێکخراوەی دەولەتاندا

لە ٢٣ی مانگی ڕابوردووداوەزارەتی دەرەوەی کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریا بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایا بەدوروو درێژی باسی مەسەلەی لێکۆڵینەوەی کێشەی کۆریای کردوە لەبەردەم خولی بیستو هەشتەمی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەجامەکانی شی کردبوەوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتبوو :

لەماوەی بیستو پێنج ساڵی ڕابوردوا بەشێوەیەکی ناڕەوا لەمەسەلەکەمان دەکۆڵرایەوە، چونکە تەنیا ڕێگا بە نوێنەری لایەك دەدرا ئامادەی لێکۆڵینەوەکان بێو ڕێگا بە نوێنەری کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریا نەدەدرا، ڕای دەربڕیان ئامادە بێت، بەڵام ئەمساڵ نوێنەرمان بەشێوەی سەربەرشتی کارێك ئامادە بوو.. ئەویش لە ئەنجامی خەباتو تێکۆشانی بەردەوامی گەلی کۆریاو گەلانی جیهان.

هەروەها بەیاننامەکەئەڵێ :

بەشداربوونی نوێنەری کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریا لەلێکۆڵینەوەکانی ئەم دراییەیەدا بەسەرکەوتنێکی گەورەی گەلی کۆریا دەژمێردرێ بەری نەتەللای هاوبەشی هەمەرو دەوڵەتانی ئاشتیخوازە لە جیهاندا کە لەمێژەوە هەوڵی لێکۆڵینەوەیەکی عادیلانەی مەسەلەی کۆریا دەدەن لەبەردەم ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانا.

زوربەی بەشداربووان لەلێکۆڵینەوەکەی ئەمجارەدا ناڕەزایی خۆیان دەربڕی دژی ئەو هەوڵە ناڕەوایانەی ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکاو بەکرێگیراوەکانیان دەیدەن لە پێناوی مانەوەی کۆریا بەم چەشنەی ئیستای پارچەپارچە کراو.. ئەو قسەکەرانە پشتگیری پێشنیازەکانی حکومەتی گەلی کۆریای دیموکراتیان کرد کە دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەی وڵات پێشکەشی کردبوو.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەلە بەیاننامەکەیدا ئەوەشی ڕاگەیاندبوو کە بڕیارەکەی نەتەوەیە یەکگرتووەکان بە هەڵوەشاندنەوەی (لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو یەکخستنی کۆریا) کە کاتی خۆی بۆ خزمەتی پرۆژەکانی ئەمەریکاو دەستخستنە کاروباری ناوخۆی کۆریاوە دامەزرابوو...

هەنگاوێکی عادیلانە بوو وەلەگەل پێویستی یەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەی کۆریاو بنەڕەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەگونجێ.

وە لەبەیاننامەکەدا بەتەواوی باسی ئەو دەورە نالەبارە کراوە کە لیژنەی ناوبراو دەیبینی لەخزمەتکردنی نەخشەی دوژمنانی گەلی کۆریاو تیایاهاتبوو :

ئەمجارەش نوێنەرانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکو ژاپۆنو کۆنەپەرستەکانی کۆریای خوارو پێشنیازێکی دوژمنانەی تریان خستە بەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان.. بەڵام لەئەنجامی هەڵوێستی ڕاستو ڕەوان و کۆنەدەرانەی نوێنەری گەلی کۆریای دیموکرات و نوێنەرانی ودەوڵەتانی تر ئەم پێشنیارەش تۆڕکرا..

هەروەها لە بەیاننامەکەداهاتوە :

بەزینی نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو بەکرێگیراوەکانی لەخزلی ئەم دوایی یەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جارێکی تر ڕای ئەیاند کە تاج ڕادەیەك دەڕۆنانی سۆشیالیستو دەوڵەتانی سەیەی جیهان توانیویانە جێگەی خۆیان بگرن و کاریکەنە سەر باری دەوڵەتان و ئەمانە بەسەرچاوە کە تیایا پرۆژەکانی ئەمەریکا بەسەر ئەلاندا بەزۆر بسەپێنرێ.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریا لە بەیاننامەکەیدا سوپاسی بەردەوامی تانەی کردبوو کە پشتگیری داواکاریە ڕەواکانی ئەی کۆریایان کردبوو، وە دەربارەی مانەوەی هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆریای خواروودا بەیاننامەکە وتبوی :

مانەوەی هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەڕاستی هێزی سەر بە ئەمەریکان.. هەرگیز لەگەل ویستی گەلی کۆریادا ناگونجێ.. ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا هەرچەندە نەخشەو پیلانی جۆراوجۆر

بروانە ل ٧

نەتەوەی ونچون لەسای سیستەمی سۆشیالیستی دا

هاربین ٤-١٢ شینخوا : لەم دواییەدا ئەندامانی کۆمۆنە گەلی یەکانی نەتەوەی ونچون لەژووروی ڕۆژهەڵاتی چین ئاهەنگیان گێڕا بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی نیشتەجێ بوونیانەوە لەو ناوچەیەدا.

ئەندامانی نەتەوەی ونچون، کە لەچاو نەتەوەکانی تری چینا ژمارەیان زۆر کەمەو بەکەمایتی ئەژمێردرێن، لە نێو دارستانەکانی دەورو بەری چیای شیاوشینگانو داشینگاندا لە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی هیلونگجیانگ ئەژین. پێش زۆرگاربوونی چین ئەندامانی ئەو نەتەوەیە کۆچەری بوونو لەلایەن ئیمپریالیزمو چینە کۆنەپەرستە فەرمانڕەواکانەوە ئەچەوسێنرانەوە بەڕادەیەك ژمارەیان زۆر کەم ببۆوە ئاوەکو گەیشتنە هەزار کەسێك. بەڵام دوای ڕزگاری دەوڵەتو حزب بەتەنگ ئەو نەتەوەیەوە هاتنو لەساڵی ١٩٥٣دا دەوڵەت لەناوچە بەیتو بەرەکەتەکاندا گوندی بۆ دروست کردنو نیشتەجێبوون. هەروەها کەرەسەی پیویستو مەکینەی کشتوکاڵ کردنی پێدان.

لەپارێزگەی شینونکە لەهەرێمی هیلونگجیانگدا کۆمونێکی گەلی هەیە بەناوی کۆمۆنی « شینئە » وە لەلایەن ئەندامانی نەتەوەی ونچۆنەوە بەڕێوە ئەچێ، لەسەرەتادا ئەندامانی کۆمۆنەکە تەنیا پێنج هیکتار زەویان ئەچاند بۆ دابین کردنی سەوزەو ئالفی ئاژەڵەکانیانوە چاویان بڕیبوە دەوڵەت تاوەکو یارمەتییان بدات.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەندامانی کۆمونەکە بەکۆمەکی کۆمونەکانی تری کەمایەتی یەکانی ناوچەکە بەهەنگاوی گەورە بەرەوپێش چوونو ئیستاکە نزیکەی (٥٠٠) هیکتار زەوی ئەچێنن و ساڵی ١٥٠ تەن خەڵەو دەغڵودان بەدەوڵەت ئەفرۆشن جگە لەوەی بۆ پێویستی خۆیان گلی ئەدەنەوەجگە لە کشتوکاڵ، ئەندامانی کۆمۆنەکە دەستیان کرد بە پەروەردەکردنی مەرودەڵاتو پەلەوەر وەکو قازو مراوی وهەنگەو ماسی. وە لە ساڵی ١٩٦٤ لەوەرگایەکیان دروست کرد بۆ بەخێوکردنی مامز، وە ئەوکاتە ٢٣ سەر مامزیان هەبوو بەڵام ئیستاکە نزیکەی ١٤٨ سەر مامزیان هەیەو ساڵی ٥٠ کیلو شاخەمامز بە دەوڵەت ئەفرۆشن جا بەپارەی ئەو شتانەی بەدەوڵەتی ئەفرۆشن، کۆمۆنەکە ٥ تراکتۆرو دەڕاسەیەك و چەند مەکینەیەکی کشتوکاڵی کڕیوە.

وە لە مەیانی خویندن و ڕۆشنبیری و تەندروستی دا نەتەوەی ونچون زۆر بەرەوپێش چووە. لە کۆمەلگای کۆنداتاکە کەسێك لەو نەتەوەیە خوێندەوار نەبوو، ئیستاکە دەوڵەت قوتابخانەو خەستەخانەی بۆ کردونەتەوەو بەیەگجاری نەخوێندەواری و نەخۆشی لەناو نەتەوەی ونچوندا بنەبڕکراوە. بەم پێیە ژمارەی ئەندامانی ئەم نەتەوەیە دوو ئەوەندەی جاران زیاتر بووەو ئیستاکە ٢٧٠٠ کەس ئەبن.

بەم چۆرە ئەندامانی نەتەوەی ونچون کە پێش ڕزگاری مەترسی لەناوچونیان لێ ئەکرا لەسای سیستەمی سوشیالیستی دا وەکو هەمو نەتەوەکانی چین بەیەکسانی و سەربەستی ئەژین و ڕۆلەکانی ئەو نەتەوەیە گەیشتونەتە پلەی بەرز لە ڕۆژگانەکانی حیزبو دەوڵەتو لەشکری گەلداو شان بەشانی گەلی چین لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵی سوشیالیستی دا تێئەکۆشن.

ئەفەریقای تێکۆشەر بەرهەلستی دژی داگیرکردن

- ٣ -

● لە ژمارەی پشودا کورتەی ڕوویەکی ئەفەریقامان پیشکەش کردن وە لەو بەشەدا باسی لایەکی ئەو مێژوەمان کرد کە ئەویش لای داگیرکردنەکەیەتی. بەڵام بێ گومان ئەو مێژووە لایەنێکی تری هەیە، کەمێژوی بەرهەلستی کردنی داگیرکردنو خەباتی گەلانی ئەفەریقایە دژی چەوساندنەوەو کوشتنو برینو لەپێناوی ڕزگاریو سەربەخۆییدا.

ڕابوردوی ئەفەریقا بریتی نیە تەنیا لە داگیرکردنی لەلایەن داگیرکەرانو ئیمپریالیستەکانەوە، بەڵکو لایەنێکی تری هەیە کە ئەویش بەرهەلستی و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکە دژی ئەو داگیرکردنەو لەپێناوی ڕزگاریو سەربەخۆییدا. کۆمەڵانی خەڵکی ئەفەریقا لەوکاتەوە کە داگیرکەران پێیان ناوەتە خاکی ئەفەریقاوە تا ئەمڕۆ خەباتیان بەردەوامە. هەر لە نێوان ساڵانی ١٥٠٠ - ١٨٧١دا ٤٣ ڕاپەڕینو شورشی گەورە تەنیا لەلایەن ئەو بەندانەوە کە ئەبرانە هەموو کوچەیەکی دنیا بۆ فرشتنیان بەرپاکراوە. لەساڵی ١٨٧٢دا نیو میلیون بەندەی ئەفەریقایی لەهایتی (کە دورگەیەکە نزیك ئەمەریکاو لە ئەفەریقاوە بەندەی بۆئەبرا دژی بەندایەتی ڕاپەڕین، وە ئەم ڕاپەڕینە بوو کە داگیرکەرانی (ئیستعمار گەران) ناچارکرد کە پاسای بەندایەتی هەڵگرن.

بەڵام خەباتی ئەفەریقاییەکان لەگەل هەڵگرتنی یاسای بەندایەتیدا کۆتایی نەهاتوە. جەنگی ئیمپریالیستانەی یەکەمی سەرکەوتنی شورشی مەزنی ئوکتوبەر بەرابەری لینین، باریکی تەواو نوێی بۆ گەلانی سەرانسەری ئەفەریقا هێنایەکایەوە.

لینینی مەزن دەربارەی بایەخی دووری گەلانی وڵاتە ژێردەستەکان لە ساڵی ١٩١٣ دا وتبوی :

« هوشیار بونەوەی ناسیاو، دەست پێکردنی خەباتی شۆشگێڕیەوە ئەوان نەیانەنەتوانی بکەونە شەڕێکی درێژخایەنەوەو هەنگاوی گرنگو بەکەڵك تەنانەت بۆ وەرگرتنەوەی ئەوخاکانەش بهاوێژن. بۆیە بەدڵەوە لە دەرفەتێك دەگەران کە لەگەل ئیسرائیل بکەونە وتوێژو مەسەلەکە بەوچۆرە بپرنەوە. بەڵام لە ترسی ڕقو بووڕەیی کۆمەڵانی گەل نەیاندەویرا لە هەلومەرجێکی ئاسایی دا ئەونیازەیان دەربخەن. چونکە هەمووی ئەوڕابەرە عەرەبانە کە ئارەزویان لە ڕێککەوتن بوو، ڕاپەڕین، وە ئەم ڕاپەڕینە بوو کە داگیرکەرانی (ئیستعمار گەران) ناچارکرد کە پاسای بەندایەتی هەڵگرن.

بەڵام خەباتی ئەفەریقاییەکان لەگەل هەڵگرتنی یاسای بەندایەتیدا کۆتایی نەهاتوە. جەنگی ئیمپریالیستانەی یەکەمی سەرکەوتنی شورشی مەزنی ئوکتوبەر بەرابەری لینین، باریکی تەواو نوێی بۆ گەلانی سەرانسەری ئەفەریقا هێنایەکایەوە.

لینینی مەزن دەربارەی بایەخی دووری گەلانی وڵاتە ژێردەستەکان لە ساڵی ١٩١٣ دا وتبوی :

« هوشیار بونەوەی ناسیاو، دەست پێکردنی خەباتی

بروانە ل ٧

بەرەسمی ناسینی ئیسرائیل تاوانە دەرهەق بە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژنامەی « ایران الثورة » ئۆرگانی ڕێکخراوەکانی جەبهەی میللی ئیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەزمانی عەرەبی دەردەچێ، لە ژمارەی تشرینی دووهەمی ڕابردودا وتاریکی لەسەر وەزعی ئیستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی عەرەبی بلاو کردۆتەوە.

لەبەرئەوەی وتارەکە ڕۆژشتی بەکەلکی تێدا گونجاوە چەندبەشێکی دەخەینە بەر چاوی خوێنەرە بەڕێزە کانی « هاوکاری ».

ئەوروژنامەیە پاش سەرەتا یەکی کورت کە باسی بێش بینی خۆی لەبارەی ئەنجامەکانی شەڕی ئەمدواییەی عەرەبو ئیسرائیل دەکا، دەنووسێ :

تەوژمی بیروڕای گشتی عەرەب بۆ ئەستاندنەوەی خاکی داگیرکراوو ڕزگارکردنی فەلەستینو لەناوبردنی شوێنەواری شکستەکانی ڕابردوو گەیشتبوە ئەوپەڕی. بۆیە حکومەتەکانی میسرو سوریا ناچار بوون هێندێك هەنگاو لەوڕێگایەدا بهاوێژن.

ملوەیەکی زۆر بوو کار بەدەستانی ئەودووەوڵەتە خەنکیان بە بەڵێنو وادەدەخافلاند. بەڵام سیاسەتی بەڵێندانو هێشتنەوەی وەزعی « نەشەرو نەئاشتی » نەیدەتوانی هەتاسەر درێژەی هەبێ.

هەروەك ڕەوتی کارەساتەکان سەلماندی هەروەهەوڵوتەقەللای ئەودووەوڵەتە بۆ وەرگرتنەوەی ئەوخاکانە بوو کە ساڵی ١٩٦٧ لەدەستیان دەرچووبوو، و ئیترمەسەلەی فەلەستین بەتەواوی لە حیسابی ئەوان بەدەر بوو. بەڵام لەبارەی ماهیەتی دەیانزانی ئەگەر نیازی وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەل ئیسرائیل دەربڕین، دەکەونە بەر پێی کۆمەڵانی گەلی عەرەب. لەبەر ئەوە بەباشیان زانی کەمێك وەزعەکە بشێوێنن و تەپو تۆزێك بەرپا بکەن کە بتوانن هێندێك کەسی ساویلکە فریو بدەنو خۆیان بە دڵسۆزی گەل نیشان بدەنو بەمچۆرە پلانی خۆبەدەستەوەدان جێبەجێ بکەن.

لەوهەلومەرجەدا ئەمریکاش لەژێر تەوژمی قەیرانی ئینێرژی

بروانە ل -٧-

ماویەتی

institut kurde de paris

چیرۆک

– ئاخ دنیایەکی چەند بەناسۆرە ! بەخوا ئەمە ژیان نییە ئێمەمانان ئەژین •• جابا ژیان بێ !

ئەمەی وتو بێدەنگ بوو• وەك بڵێی چاوەڕێی یەکێك بێ وەڵامی بدائەوەو سەرێکی بۆ بلەقێنێو هەناسەی ئەمیش تێکەڵی هەناسەی ئەو ببێو بەرز بێتەوەو ڕووی ئاسمان بگرێ •

بەڵام هیچ نەبوو • نە دەنگ نە ڕەنگ ، نە سرکە ، نە هەناسە •• تەنانەت گیزەی سیسرکیش نەئەهات •

هەموو شتێك لەئاستی خۆیماتو بێدەنگ ڕاوەستابوو ، هەروەکوو بای نزوول لێیدابێ•• کە هاودەمێکی نەدی لەبەرخۆیەوە کەوتە قسەکردنو ڕاوێژ بێئەوەی یەکێك ببێت گوێی لێ بگرێ یاخودکەسێ هەبێ سەری بۆ بلەقێنێ •• بای خەیاڵی دابوو بەچوار لایا خێرا خێرا سەوڵی کەشتیەکەی بەناو دەریای بانو پڕپو بێسنووری بیرکردنەوەدا لێ ئەدا بەجۆرێکیوا تەنانەت خۆیشی لە بیر چووبووەوە ••

هەردوو چاوە زەقەکەی بڕیبوە بن‌میچەکە ، خەریکی ژماردنی نیرگەکان بوو ، چاویوا تێ‌گرتبوون وات‌ئەزانی نیشانە ئەنێتەوەو دەستی لەسەر پەلەپیتکەی بڕنەوی چاوی داناوە • بۆیە چاوەکانی کەوتبوونە ڕەشکەو پێشکە کردنو وێنەی هەمەجۆرەو تۆقێنەری ئەهاتە بەرچاو • لەوەوە بوو وای‌ئەزانی ئەوە زەلامێکە بە گوریس خۆی لە کونی کلاو ڕۆژنەکەوە شۆڕ ئەکاتە خوارەوە •

لەپڕ زرمەیەك هاتە بەرگوێی وای‌زانی زەلامەکە بوو کەوتە خوارەوە• دەس‌بەجێ هۆشی هاتەوە بەر خۆیو وەك سوێسکە لە شوێنی خۆی ڕاپەڕیو ڕووی کردە گوێ ئاگردانەکە بۆئەوەی خاکەنازەکە هەنگرێ سەرو گوێلاکی کابرای بێ بکوتێتەوە تۆزێ چاوی هەڵ‌گلۆفت، کەمێك لێلایی سەرچاوی لاچوو ، دی نە زەلام دیارەو نە هیچ ••

ڕووی کردە دیوارەکە چرا ئینگلیزی‌یەکەی پیا هەڵواسرابوو •• چراکەی داگرتو هەڵی‌کرد • ژوورەکە بەتەواوی ڕووناك بووەوە • گەڵێ سەیری ئەمڵاو ئەوڵای کرد • چاوی بە ناو ژوورەکەدا گێڕا • هەرچەند ژوورەکە لە جێگەی دوو سێ کەس زیاتری تیا نەئەبووەوە ، بەڵام ئەوەندە گەورەو بەدەرەتان ئەهاتە بەرچاوی ئەمسەرو ئەوسەری بۆ تەواو نەئەکرا • هیچی بەرچاو نەکەوت • لەگەڵ ئەوەشدا هەر دوودڵ بوو • ئەیوت ڕەنگ بێ لە سووچێکدا لە توێی شۆرکەو پڕکەیەکدا خۆی حەشار دابێ •

لە لایەکی‌تریشەوە ئەیوت قوڕ بەسەر فامی •• ئەگەر فامی بووایە خۆی بۆ ئەم ماڵە ڕەق‌و تەقەی من نەئەکوتا کەوا تەنانەت خۆراکی مشك‌و مێروولەشی تیا چنگ ناکەوێ•

هەر لەبەر ئەوەشە نە مشکی تیا بەدی ئەکرێو نە مێروولەش • بەدەم ئەم خەیاڵو قسەی بەزخۆیەوە گەیشتە لای دەرگای ژوورەکە• بە ترسێکەوە دەرگاکەی کردەوە لە تاریکی بەولاوە کە بالی بەسەر شارەکەدا کێشابوو ، هیچی بەدی نەکرد •

هەوزی ڕەش بە جۆرێکیوا بەری ئاسمانی گرتبوو وات ئەزانی هەرگیزاو هەرگیز ڕەوینەوەی بۆ نییە • بارانیش **لەسەر خۆ ، عەلاف کوژ ،** ئەباری • گوێسەبانەکان چۆڕاوگەیان لێ هەڵنیشتبوو • ئاسمانیش جار جار بروسکە یەکی ئەداو دوابەدوای بروسکەکە ئەکەوتە گرمەگرمو ناڵەناڵ • هەر لەگەڵ نەم گرمەگرمو ناڵەناڵەدا ناڵەیەکی پڕ لە کەساسیو بێدەرەتانی ئەهاتە گوێی ئەم ، وای هەست ئەکرد ناڵەی کابرای دزە بەهۆی چۆڵو هۆڵی ئەم ماڵەوە تووشی ئەم سەرماو سۆڵەیە هاتووە بۆیە وا ئەناڵێنی •• هات بۆ پێش سمێڵێشی نایە بانی • کابرا کە چاوی بەم دیمەنە سامناکە کەوتو ئەم **ناڵەناڵەیەی هاتە گوێ** دەست بەجێ هێواش دەرگای لەسەر

ناڵەی کەسێ لێ نەپرسیو

عالیە عبدالکریم

خۆی کڵۆم کردو پاشەوپاش بێ چرپە گەڕایە دواوەو بە هێواش خۆی کرد بە ژێر لێفە شڕەکەیەوە •

دڵی هەروەکو سەعاتی لەسەر پێ لێی‌ئەداو ترسێکیوا چووبوە دڵیەوە ، تەنانەت دەستەکی بن‌میچەکەشی لێ بووبوو بە ماری حەوت سەر• ئاسمان هێشتا تووڕەیی نەنیشتبوەوە • بۆیەش کابرا لەژێر لێفەکەیەوە ، تا دەمێك گوێ قولاخ بووبوو • جار جار سەری لەژێر لێفەکەیەوە ئەهێنایە دەرێ تا بزانێ **ئاسمان لەچی‌دایەو** پاشان سەری دائەپۆشی‌یەوە • تا ڕۆژ بووەوە خەو نەچوە چاوی، **هەر وای ئەزانی کابرای** دزە چاوەڕوانی‌ی هەڵ نەکات دەسی خۆی بوەشێنێ •ئەمیش لە ترسانا دانی بە خۆیا گربوو هێزێکی هێنایەوە بەز خۆیو ئەمجارە بەتەواوی لەژێر لێفەکەی هاتە دەرەوە ، ڕووی کردە دەرگاکەو گوێی بە لاشیبانی دەرگاکەوە نا تا بزانێ هیچ سرکەو چەپەیەك هەیەو زیاتر دانی بە خۆیا گرت‌و دەرگاکەی کردەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد • لە توندو تیژی‌و بڕووسکەدان بەولاوەی نەدی •

هەندێ چۆلەکەی دی بە شەواره کەوتبوون • باران خووساندبوونیەوە ، وزەی فڕینیان نەمابوو • لەمڵاو لەولاوە تەپ ئەکەوتن • گەڕایەوە دواوەو دەرگاکەی بۆ یەگجاری لەسەر خۆی داخستو چووەوە ناوجێگەکەی توند خۆی لە لێفە شڕەکەوە پێچا • ئیتر تا بەیانی هەر سێو دووی دڵی خۆی ئەکرد• جارجاریش ناڵە ناڵەکە هەر ئەهاتە گوێی •

کە ڕۆژ بووەوەو دنیا ڕووناك بووەوەو هەرکەسێ لە ئاستی خۆی ڕاست بووەوەو وردە وردە خەڵك‌و خوا بەروە ئیش‌و کاری خۆیان کەوتنەڕێ ، ئەمیش وەکو ڕۆژانی پێشووی بەرەو مەیدانی شار کەوتە ڕێ ،بەڵکو کۆڵ هەڵگری‌یەکەی ڕۆژانی لەدەس‌نەچێ ، ئەگەرچی ئەوەندە هیلاك‌و کەئەفت بوو هێزی ئەوەی نەمابوو کۆڵ بدا بە شانیا هەر کە دەرگاکەی

بروانە ل ٧

دوو نامەی تێکەڵاو بۆ دەستگیرانەکەم و دیمتروف

دڵشاد مەریوانی

ئەی خۆشەویست
من کوشتەی ڕەنگی چاووتم
من شەیدای جوانی ناووتم
خۆشم دەوێت •• حەزم‌لێتە
مەڵێ دڵدارەکەم‌شێتە
ئاگادار بە •• ئاگاداربە
هاتوون ڕەنگی چاووت بدزن
هاتوون دەنگی ناووت بدزن
نامەکانت •• وێنەکانت•• دیاری‌یەکانت
گشت دەبژێرن
دەیانەوێ •• لە دارمدەن •• ئازارم دەن
هەڵم واسن
هاتوون بۆ دێراوی‌مێشکم
بیدەنە بەر نووکی گاسن
هاتوون نەخشەی خۆشەویستیم
بە دیواری ئاغاکان‌داهەڵبواسن
لێدانی دڵم دەبژێرن
بەڵام ئەی جوان پێم‌ناوێرن

[x] x

بەڵێ هاتوون بە ناوی‌تۆ ویستنەوە
بە ناوی تۆ خواستنەوە
بم دەن لە دار
کە گوایێ من •• منی‌دڵدار
کەسێکم شێت‌و تاوانبار
حەزم لە چاووت کردووە
حەزم لە ناووت کردووە
دوای هەنگاوەکانت کەوتووم
بێ ئیجازەم
بۆ لای قازی و موختارنەچووم
پسوولەم وەر نەگرتووە
دەڵێن تۆ بێ ئەمری سەردار
چۆن سەربەخۆ بووی بەدڵدار ؟؟!!

[x] [x]

بەڵام ئەی جوان
من بە ئەمری ئازاری‌شار
من بە ئەمری ملیۆنەها ••
ژامی ڕزیوی بە بێ‌چار
بووم بە دڵدار
بە بەگ بڵێن :
دڵدارێکی بەرەڵا نیم
ئەو •••• کردووە
دڵدارێکم شوناس نامەم
لە مەیتی هەموو شۆڕستەکان
وەر گرتووە
دڵدارێکم پسوولەکەم
لە منالی شەهیدەکان
وەر گرتووە
دڵدارێکم ئیجازەکەم
لە مرۆ – ئیسکینەکانی‌ناو کارگەکان
وەر گرتووە
بە ئەمری کۆست کەوتووەکانی
دێهات و شار
بووم بە دڵدار
من بە ئەمری
لێوە قەشارە ووشکەکان
دەمە کراوە برسێکان
لانەوازی ئەمڕۆی ئینسان
بوومە دڵداری تۆ ••ئەی‌جوان

[x] [x]

دەست بۆ پەتی سێدارەکان درێژ دەکەن ؟!
من بە مردن دەترسێنن !!
دە تانەوێت بم بەزێنن !!
– نازانن من لەم ژیانەم‌هەراسانم !!
بۆ گۆڕینی ئەم‌ژیانە
بۆ چارەی ئەم گوژەوانە
پەتی سێدارە ئاسانە
مردن •• مردن ؟! زۆرهەرزانە

× ×

ئەی خۆشەویست بەرگی‌کوردیم بۆ هێناوی
بە کوێرایی چاوی ••• و••• و •••
بە کوێرای جنسی کەمتیار
شەوان بە ڕەختە و چەکەوە
لە تەکمەوە •• لە سەنگەرێك‌دا پاڵ کەوە
بەڵام هەرگیز بیرت‌نەچێت
لەو بەر سەنگەرەکانەوە
هاتوون ڕەنگ و دەنگی‌چاو و ناومان بدزن
هەڵمان واسن
دێراوی مێشك بدەنە بەر نووکی گاسن
هەناسەکانمان دەبژێرن
هەنگاوەکانمان دەبژێرن
بەڵام ئەی شۆخ چاك‌بزانە
بە ئێمەی دڵدار ناوێرن
چونکە هەرگیز بۆ یان‌ناکرێت
فیشەکەکانمان ببژێرن

تەمووزی ١٩٧٣

هاوکاری

چیرۆك

پانزە هەزار کیلۆمەترو ..

٦- لەگەڵ ئەدیبە کوردەکانی سۆڤییەتدا

حسین عارف

لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆڕەشیعرەیەکەی « یەریڤان »دا ، (کارلنی چەچانی‌و(١) عەگیدی‌خدۆ)م ناسی • کاك(جەلال)یش لە پێشترا ناسیبوونی • هێجگار پێخۆشحاڵ بوون • ئێمە داوامان لێکردن کە کۆبوونەوەیەکمان لە گەڵ هەموو شاعیرو نووسەرەکوردەکانی یەریڤاندا بۆ ساز بکەن • هەرزوو گونجاین • ئەوان لە ئێمە زیاتر بە تەنگەوە بوون •

دوای نزیکەی سێ سەعات‌هاتنەوە بە دواماندا • بردیانین بۆ کۆبوونەوەکە • کۆڕ گەرم‌بوو • کە دانیشتین ، کارلن هاتە گفت • وتی : « برایان‌جەلال‌و حسەین •• دووبارە بەخێر بێن‌و سەر چاوانمان•• بە پێویستی ئەزانم پێشەکی برادەرانتان پێ‌بناسێنم •• (بەریز پیاهات • وتی :)

عارەبی شەمۆ :

لە ساڵی (١٩١٨)ەوە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستە • دامەزرێنەرو یاریدەدەریکی گەورەی ئەدەبی کوردە لە ئەرمینیا • ژمارەیەکی زۆرچیرۆك‌و ڕۆمانی نووسیوە کە گەلێکیان بە چەند زمانێکی‌تریش بڵاوکراونەتەوە •

خالد چاتۆیف :

سەرۆکی بەشی خوێندنی‌کوردی‌یە لە ئاکادیمیەی ئەرمینیا • گەلێ کتێبی‌میژوویی دەربارەی کورد داناوە • لەوانە (پەیوەندی‌نێوان گەلی کوردو گەلانی یەکێتی‌ی سوڤیەت) •

باری مەعبوود :

لە بەشی کوردی‌ی ئێستگەی‌یەریڤاندا ئیش ئەکات •

جەمیلەی جەلیل :

کۆرانی بێژێکی بەشی کوردی‌ی ئێستگەی یەریڤانە • هەروەکوو مۆسیقازانیشە •

برازی عەبدۆ ، وەزیری‌ئەدۆ ، حەمۆی بەرسەبۆ ••

لە کاربەدەستانی بەشی کوردی‌ی ئێستگەی یەریڤانن •

عەگیدی خودۆ :

یەکێکە لە دەستەی‌نووسەرانی ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)و وەرگێڕە •

نادۆم مەحموودۆف :

وەزیری (مواصلات)ی‌ئەرمینیایە • گەلێ کتێبی میژوویی دەربارەی کوردنووسیوە • لەوانە (میژووی کورد) • هەروەها ڕۆمانیش‌ئەنووسێ • (دەنگی دایکم) ڕۆمانێکی بە ناوبانگیتی••

جاسمی جەلیل :

شاعیرێکی بە ناوبانگی ئێمەیە • لە دەمێکەوە شیعر ئەنووسێ • (ریداکتۆرێ)یەکێکە لە کتێبەکانی •

حاجی جندی :

پرۆفیسۆرە • گەلێ کتێب‌و نووسینی هەیە • بە تایبەتی لە کۆڕی فۆلکلوردا ، کە ساڵێستا دە بەرگی لێ لە چاپ داوە •

میکاییل ڕەشید :

شاعیرە •• هەندێ لەشیعرەکانی وەرگێڕاوون بۆ زمانی ڕووسی‌و ئەرمەنی •

ئەوسا کەوتینە گفت‌وگۆ • پتر پرسیار لەوانەوەو وەڵامدانەوە لە ئێمە • کەمتر پرسیار لە ئێمەوەو وەڵامدانەوە لەوان • ئەیانووت :

– چاومان لە دووتانە ••

– بە پەرۆشەوە گوێ بۆدوا هەواڵتان هەڵئەخەین ••

– هەستو نەستمان لەگەڵتانە •

– ئێمە بەختیارو ئاسوودەین‌بەڵام بەختیاری‌و ئاسوودەیی ئێوەشمان لامەبەستە •

– داخ •• باری ئەدەبی‌ورۆشنبیریتان بە وردی پێ‌نازانین • بۆیە بەم هاتنەی ئێوەو مانان گەشکەدار ئەبین •

بروانە ل ٧

بیری سەربەست

١٥ لەژ لەئەدەبی نوێی کوردیدا

– ئەرسەلان بایز –

ئایا نووسەرو شاعیران بۆ چە نیازو مەبەستێك ڕەمز بەکار دێنن ؟•

بۆ وەڵامدانەوە ، پێویستە سەرنجێك بدەینە مێژوو وەزعی ئیستای کوردو جیهان • ئایا کورد (خۆرسك)ە ؟!• ئایا **کوردو شۆڕشی کورد** ، بەهیچ گەلێك‌و شۆڕشێکی تری ناو ئەم جیهانەوە نەبەستراوەتەوە؟ ئاشکرایە مەئەریالیزمی دایلکتیکی ئەوەی ڕوون‌کردۆتەوە کە بەپێی پێویستی‌ی پەیوەندی‌ی کۆمەڵایەتی ، کوردستان بەشێکە لە جیهانێکی گەورەو هیچ کاتێك ناتوانێ لەو جیهانە دابڕێ • بۆیە دەڵێن : کورد بەحوکمی ئەو پەیوەندی‌یەو باری تایبەتی خۆشی ، جۆرەها شت لەوڵاتە پێشکەوتوەکانەوە فێردەبێت ، بەتایبەتی لەوڵاتە شۆڕشگێڕەکانەوە • بەڵام لێرەدا مەبەستمان فیربوونی کوێرانە نییە ، بەڵکو لەسەر بنچینەیەکی زانستیانەو لەبەر ڕۆشنایی بارو قوناغی ژیانی میللەتی کوردە • چونکە تیوری زانستی ، ئایدولۆژیەتێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی‌و بەتەنها بۆ ئەم لاو ئەولا نییە •

بۆیە بەڕای من ئەدیبەکان ئەگەر نەیانتوانی لە بەرهەمەکانیاندا بە ئاشکرا ئەم ڕیبازە دەربڕن ، ئەوا پێویستە پەنا بەرنە بەر ڕەمز • بەڵام لێرەدا پرسیاێك سەر هەڵدا .

ئایا کام شاعیرو نووسەر ئەم ڕەمزە بەکار دێنێت ؟!

بێ‌گومان فیل لەخۆکردن‌و جەماوەر هەڵخەڵەتاندن مایەی پووچ بوونەوەیە • سا ئەو ئەدیبەی بۆ نموونە ناوی شۆڕشگێڕێکی جیهانی وەك ڕەمزێك لەبەرهەمیدا بەکار دێنێ ، پێویستە باوەڕی‌کی

بروانە ل ٧



چەندێرێك لە شیعرێکی‌درێژی بورهان جاهید

چەمەن خەریکە بڕازێتەوە
زستان کۆچ‌بکا بوهار بێتەوە
هەڵبەستی تازە جۆش‌ئەدا لەدڵ
ئەوەی هاتەزار ناگێڕێتەوە

لەمن وەرگرن زانین‌وهەڵبەست
بەڵام ناوی من بپۆشرێتەوە
ئەمە ڕەوایە ئەمە زانینە
زانین ئەوەیە بدەروشێتەوە
ئەگەر نامناسن شاعیری‌کوردم
ئەم ناوە بۆ من ئەمێنێتەوە
بەبوونو زانین خۆم هەڵناکێشم
هەندەم پێ‌ئەکرێ چاوهەڵبێتەوە
خۆم کردە پردێك لەڕێگای ڕاستی
کوێرو لێقەوماو بپەڕێتەوە
حاجی قادریان دەرکردلەوڵات
ئێستا ئێسقانی بۆمن دێتەوە
قانع لەبرسان بوو بە ئاشەوان
ئێستا کە چە باس بۆم لەداخان
بێ‌کەس‌و زێوەر مردن ئەگێڕێتەوە
ئێستاکە بۆیان دڵ ئەگێڕێتەوە
هەی شەرمەزاری بۆ ئەم زانینە
لەژینی ژندوو نەپێچرێتەوە
هەرکە مرد ئەوسا سەرلە قوڕبگرین
بەخوا ئەوەی چوو ناگەڕێتەوە
زۆر زانا هەیە وەکوخۆم ئاسا
لە پەناو پێچان ئەنالێتەوە
نرخی هەڵبەستم گەلێ گرانە
بمرم بمێنم بەژێر پێتەوە
زۆر کەمو کورتی هەیە لەناومان
بەڵام لێرەدا با ببڕێتەوە
بەیادی جاران هەڵبەستی (بورهان)
بەسەر بڵندی بخوێنرێتەوە



دوو نامەی تێکەڵاو بۆ دەستگیرانەکەم و دیمتروف

دڵشاد مەریوانی

ئەی خۆشەویست
من کوشتەی ڕەنگی چاووتم
من شەیدای جوانی ناووتم
خۆشم دەوێت •• حەزم‌لێتە
مەڵێ دڵدارەکەم‌شێتە
ئاگادار بە •• ئاگاداربە
هاتوون ڕەنگی چاووت بدزن
هاتوون دەنگی ناووت بدزن
نامەکانت •• وێنەکانت•• دیاری‌یەکانت
گشت دەبژێرن
دەیانەوێ •• لە دارمدەن •• ئازارم دەن
هەڵم واسن
هاتوون بۆ دێراوی‌مێشکم
بیدەنە بەر نووکی گاسن
هاتوون نەخشەی خۆشەویستیم
بە دیواری ئاغاکان‌داهەڵبواسن
لێدانی دڵم دەبژێرن
بەڵام ئەی جوان پێم‌ناوێرن

[x] x

بەڵێ هاتوون بە ناوی‌تۆ ویستنەوە
بە ناوی تۆ خواستنەوە
بم دەن لە دار
کە گوایێ من •• منی‌دڵدار
کەسێکم شێت‌و تاوانبار
حەزم لە چاووت کردووە
حەزم لە ناووت کردووە
دوای هەنگاوەکانت کەوتووم
بێ ئیجازەم
بۆ لای قازی و موختارنەچووم
پسوولەم وەر نەگرتووە
دەڵێن تۆ بێ ئەمری سەردار
چۆن سەربەخۆ بووی بەدڵدار ؟؟!!

[x] [x]

بەڵام ئەی جوان
من بە ئەمری ئازاری‌شار
من بە ئەمری ملیۆنەها ••
ژامی ڕزیوی بە بێ‌چار
بووم بە دڵدار
بە بەگ بڵێن :
دڵدارێکی بەرەڵا نیم
ئەو •••• کردووە
دڵدارێکم شوناس نامەم
لە مەیتی هەموو شۆڕستەکان
وەر گرتووە
دڵدارێکم پسوولەکەم
لە منالی شەهیدەکان
وەر گرتووە
دڵدارێکم ئیجازەکەم
لە مرۆ – ئیسکینەکانی‌ناو کارگەکان
وەر گرتووە
بە ئەمری کۆست کەوتووەکانی
دێهات و شار
بووم بە دڵدار
من بە ئەمری
لێوە قەشارە ووشکەکان
دەمە کراوە برسێکان
لانەوازی ئەمڕۆی ئینسان
بوومە دڵداری تۆ ••ئەی‌جوان

[x] [x]

دەست بۆ پەتی سێدارەکان درێژ دەکەن ؟!
من بە مردن دەترسێنن !!
دە تانەوێت بم بەزێنن !!
– نازانن من لەم ژیانەم‌هەراسانم !!
بۆ گۆڕینی ئەم‌ژیانە
بۆ چارەی ئەم گوژەوانە
پەتی سێدارە ئاسانە
مردن •• مردن ؟! زۆرهەرزانە

× ×

ئەی خۆشەویست بەرگی‌کوردیم بۆ هێناوی
بە کوێرایی چاوی ••• و••• و •••
بە کوێرای جنسی کەمتیار
شەوان بە ڕەختە و چەکەوە
لە تەکمەوە •• لە سەنگەرێك‌دا پاڵ کەوە
بەڵام هەرگیز بیرت‌نەچێت
لەو بەر سەنگەرەکانەوە
هاتوون ڕەنگ و دەنگی‌چاو و ناومان بدزن
هەڵمان واسن
دێراوی مێشك بدەنە بەر نووکی گاسن
هەناسەکانمان دەبژێرن
هەنگاوەکانمان دەبژێرن
بەڵام ئەی شۆخ چاك‌بزانە
بە ئێمەی دڵدار ناوێرن
چونکە هەرگیز بۆ یان‌ناکرێت
فیشەکەکانمان ببژێرن

تەمووزی ١٩٧٣

institutkurde.de paris

پرۆژەی ئاوچاککردن لە دێهاتەکانی کوردستان

وەزارەتی کاروباری ژووروو ئیستا خەریکی جێبەجێکردنی پلەی سێهەمی پرۆژەی ئاوچاککردنە لە دیهاتەکانی کوردستان کە نزیکەی (١١٥) هەزار دیناری تێئەچێت ٠

پلەی سێهەمی ئەو پرۆژانە بریتین لە چاککردنی ئاو لە ٧ دێی پاریزگای کەرکوک و ١٨ دێ لە پاریزگای سلێمانی و ١٦ دێ لە پاریزگای هەولێر و ٢٣ دێ لە پاریزگای دهۆک و لەگەڵ ٤ دێ لە خانەقین ٠

تاکو ئیستاکە ٦٠٪ی پروژەی ناوبراو تەواوکراوە ٠ ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی ناوبراو لە ماوەی ساڵی پاردا پلەی یەکەمی (٤) پرۆژەی ئاوچاککردنی لە سلێمانی و ٣ پروژە لە هەولێرو ٢ پروژە لە خانەقین و پروژەیەك لە دهوك و ٢ پروژەش لە کەرکوك جێبەجێ کردبووکە (٢٠) هەزار دیناریان تێچوبوو ٠

پەیناو دردنی زەوی وزار لەدهۆك

ئیستا خەریکی تاقیکردنەوەی ئەوەن کە بە فرۆکە هەندێ لە زەوی وزارەکانی پاریزگای دهوك پەین پرژین سماد بکەن ٠٠ ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوت ئەوا بەشەکانی تری زەوی وزارەکانی پاریزگای ناوبراو پەین (سماد) رێژ ئەکرێ ، وەنەو زەوی وزارانەی کە ئیستە خەریکی تاقی کردنەوەکەن تیایا هەزار دۆنم ئەبێ و کەوتۆتە ژووروی هێڵی بارانەوە ٠٠

مەلبەندی نەهێشتنی نەخۆینەواری لە پارێزگای سلیمانی

بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بریاری کردنەوەی ٧ مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری تری بۆ پیاوان داوە لە ناوچەکانی سەر بە پاریزگاکە ٠

بەم پێیە تاکو ئیستاکە ٥٨٩ مەلبەند بۆ ئافرەت و پیاوان لە ناوچەکانی سەر بە پاریزگاکە کراوەتەوە نزیکەی ٨ هەزارو ١٠٥ کەس ئافرەت و پیاوفێری خوێندەواری ئەکرین ٠

خەستەخانەیەکی سنگ لەهەولێر

سەروکایەتی تەندروستی هەولێر خەستەخانەیەکی سنگی لە قەزای چۆمان کردۆتەوە کە جێگای خەوتنی ٣٠ تەخوش ئەگرێت ٠

وەهەروەها دوو مەلبەندی تری تەندروستی لە شاری هەولێر و دێی ریزان کردۆتەوە ٠

وە لەلایەکی تریشەوە بەرێوەبەرایەتی ئاشغالی پاریزگای هەولێر دەستی بەدروستکردنی مەلبەندێك کردووە بۆ لاوان کە ٦٧ هەزار دیناری تێئەچێت ٠

گرشتێك بە ناو تابلۆکانی :

پێشانگای هونەرمەندانی سلێمانی دا

لەرۆژانی ٢٨-١١ تا ٧-١٢-١٩٧٣ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - لقی سلیمانی پێشانگای چوارەمی هونەرمەندانی سلیمانی لەهۆلی (دار الطلبة) پێشکەش کرد ٠ مامۆستاو براوخوشکەکان ٨٨ تابلۆیان پێشکەش کرد ئەنور تۆفی ، ئیسماعیل حەیات ، ئاسۆ صدیق ، ئەکرەم حەمە سعید ، هیوا عبدالله ، حەمە سعید حسن ، حەمە جزا ، کامل مستەفا ، لالە عەبدە ، حەمە کاکە ، محمود علی کاکی ، جزا عبدالکریم ، سمکو توفیق، عثمان خال ، عطا قەزاز ، عادل علی شارباژێری ، علی لەنیف، فتح الله کریم ، شێرزاد شەوقی ٠ بێ گومان ئەمە یەکەم جارە ژمارەیەکی وازۆر لە هونەرمەندانی شاری سلیمانی بەشداری بکەن لە پێشەنگایەکدا ٠٠ بۆیە هەریەکەیان هەوڵی داوەشتێکی نوێ و نوێتر و سەرنج ڕاکێش پێشکەش بکات ٠ لەگەڵ سەردانمان لەو پێشنگایە چەند تێبینیەکم وەرگرت لەسەر هەندێ لەو تابلویانە بەپێی زەوق و بیروباوەڕو رادەی تێگەیشتنی خۆم ، کە هەز لەوێ لەگەڵ برایانی هونەرمەندانداا موناقەشەم کردوون ٠

هونەرمەندی ناسراو (ئیسماعیل خەیات) پێنج تابلوی هەبوو دوانیان کە لەژێر ناوی (پیاوی ئەفسانە)و (زیندو بوونەوە)دا بوون رەمزی یە بیرێکی فراوانو قوڵی ئەوێ بۆ تێگەیشتنیان ، دەربارەی یەکەمیان کە برێتی یە لەسەری مرۆڤێکی زۆر زەبەلاح کاك ئیسماعیل ئەڵێ :- پیاوی ئەفسانە (رجل الاسطورة) ٠ برێتی یە لە یەکێکی هەلکەوتوو ٠ لەناو کۆمەڵدا ، جیاوازێ لە هەموو کەس و گشت سیفەتەکانی خەڵکی ترو لەوانی تر جیاوازبێ پیاوێکی ئاوا هەڵکەوتوو لەمێشکی میلەتدا شێوەیەکی ئارا زەبەللاح دەنوێنێ ٠

دەربارەی دووەمیان ، کەللە سەرێکی مردویەکە خەریکە بۆشای ئیسقانەکانی پرئەبێتەوە کاك ئیسماعیل ئەڵێت :-

وێنەکە رەمزی زیندووبوونەوەیە پاش مردن، واتە نیشانەیە بۆ رزگاری و پێشکەوتن ، دوای ژێردەستی و سستی ٠ بەڵام سێ تابلۆکەی تر بەتایبەتی (ویرانە) و (ئەو شوێنەی سووتا) لەگەڵ ئەو هەمووە وردەکاریە زۆرەدا هەنە، لەوێنەیەکی فۆتۆغرافی شوێنەواری ناوچەیەکی سووتاو ویرانە ئەچێت ، توانیویەتی دەروونی بەرگری و گوڵ نەدان دەرخات بەوەی لە ناو ئەو ویرانەیەدا چەند شتێکی زیندوو لەوێنەی دارودرەختا بەربەرەکانی سووتان و ئەو واقیعە تاڵەیان کردووە ٠

تابلۆکانی هونەرمەند (ئەکرەم سەعید) بیجگە لەوێنەکەی (ئەحماوا) ئەوانی تر وێنەی چەند درەختێکن ئەوی سەرنج ڕاکێش بێ تیایانا ئەو وردەکاریەیە لە گەڵاکانیانا کە هەگەر هونەرمەند خۆی بزانێ چۆن بەرێك و پێکی تارادەیەکی زۆر (مجسم) گەڵا بەگەڵای دروست کردوە ٠

(پەروین بابان) تاکە خوشکێکی هونەرمەندە کە بەشداری کردبێ لەو پێشەنگایەدا بەپێچ تابلۆ لەژێر ئەم ناوانەدا ٠٠

(ڕاوەماسی ، بوك ڕازاندنەوە ، کەلەشیرو مریشك ، دارستان ، تەجرید) یەکەم و دووهەمی لە واقیعی وڵاتی کوردەواریەوە دووڕن ٠٠ رەنگە خوشکی هونەرمەند لە خوارووی عیراق وەری گرتبێ یا بەهۆی فلیمەوە ، ئەو دەریاگەورەیەو ئەورۆخی دەریایە لەوڵاتی ئێمەدانیە ، بووك رازاندنەوەکەش تارادەیەك بەوجۆرە جلانە لەوڵاتی ئێمەداناکەون ٠

تابلۆکانی هونەرمەند (کامل مستەفا) بیجگە لە (کلولی ڤاشتی) ئەوانی تر لێلیەکی تیادایە مەگەر تەنها بەزۆر خۆهیلاك کردن تیان بگەین لەوبارەیەوە کاك کامل دەربارەی تابلۆی (مایەی رەنجمان سرەوتی شەوە) ئەڵێ ٠٠ لیرەدا مەبەست لەوەیە کە جوتیارەکان رەنج ئەدەن لە رۆژا بەڵام ئاغا بژێوی ئەیبات تەنها شەویان بۆ ئەمینێتەوە کەتیا ئەسرەونو هیچی تر ٠٠ تابلوی (فەلسەفەو پرسیارو شورش)ی دەستکردی هونەرمەند (دارا حەمە سەعید) پڕ بەپێستی ناوەکەیەتی ٠٠

لەسەروسیماو ناوچەوانی هەریەکە لە چەکدارەکان دا شۆڕشگێرێتی و تێگەیشتنی و سووربوون لەسەر خەبات و شورش ئەخوێنرێتەوە ، گری خەبات و تێکوشان لە ناخیانا بلیسەئەدات ٠٠

هونەرمەند (عطا قەزاز) وەکوجارە کانی تر تابلۆی گەورەو واقیعی و سەرنج ڕاکێشی پێشکەش کردبوو لەپێنج تابلۆکەی دووانیان لەژێر ناوی (پێشمەرگە دابوون یەك لەدوای یەك دێن وەکوو زنجیرەی چیرۆکێك بن لە یەکەمیاندا بەشپرزەیی وەستاون (کە ئەمە لاوازی یە لە تابلۆکەدا هەروەك ڕووبەڕوش بەخۆیمان ووت) بیر لە پیلانێك ئەکەنەوە بۆ شۆڕش ٠ تابلوی دووهەم لەژێر ناوی (لەکاتی شەڕدان) ٠٠

دەربارەی تابلوی (لەسەر گۆڕی شەهید)ی هونەرمەند (علی شارباژێری) تیبینی ئەوەم کرد کورێك وادیارە برای شەهیدەکەیێت و اباوەشی کردووە بە کێڵی گۆڕەکەیدا وەکو بگری بەڵام پیاوژنێك کەوەك دایك و باوکی شەهیدەکە نیشان دراون ڕەپ لەبەردەم گۆڕەکەدا وەستاوون وەك من بزانم لەوڵاتی ئێمەدا زۆر کەم و بەدەگمەن رێك ئەکەوێت پاش شاردنەوەی مردوو ، کەس و کاری مردۆکە کەسەر لەگۆڕەکەی ئەدەن پیاوبگریی ، تەنها ئافرەتەواز لەقوڕ پیوان و لاوانەوە ناهێنێ سەبارەت بە دواکەوتووی و قوڵپی عاتیفەی ٠

گەشتەکەمان کۆتایی پێ ئەهێنین هیوادارین هونەر مەندانمان هەمیشە بەردەوام بن لە پێشکەش کردنی بەرهەمی باشتردا ٠

وەهمی قەرەداغی
پەیامنێری هاوکاری لەسلیمانی

هەڵبژاردنی لیژنەی پەرێوەبەرایەتی

حقوقی یەکانی عیراق - لقی سلێمانی

« ئەم ئاگاداریە ی خوارەوەمان بە عەرەبی بۆ هاتووەو خۆمان کردومانە بە کوردی تکامان وایە لەمەولا هەموو لایەك بە کوردی شتمان بۆ بنێرن » ٠

بەپێی ڕەزامەندی پاریزگای سلێمانی - کۆمەڵەکان بەبەیاننامەی ژمارە ٥٩٨٠ ی ڕۆژی ٣-١٢-٩٧٣ وە بەپێی نارەوکی برگە (٢) لەبەندی ١٨ لە یاسای ناوخۆی کۆمەڵە: بریاردرا لیژنەی گشتی لقی کۆمەڵە ، لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ی ٢١-١٢-٩٧٣ لە سلیمانی وە لە بارەگاکەیدا کە لە بینای توفیق قەزاز (شقە)ی ژمارە ٣ دایە بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی بەرێوەبەرایەتی لق کۆببیتەوە ٠

تکا لە هەموو ئەندامان ئەکەین کە لە کات و شوینی دانراوا ئامادەبن ٠

بەم بۆنەیەوە داوا لەئەندامان ئەکەین کە نابونەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری هەڵبژاردن ببن ٠

وە لەکاتی تەواونەبونی ژمارەی قانونی کۆبونەوەکە دوائەخریت بۆ ڕۆژی هەینی ی ریککەوتی ٢٨-١٢-٩٧٣ لە هەمان شوین و کاتی سەرەوە ٠٠ لە دوای ئەوە چەند کەس ئامادە بیت هەڵبژاردنەکە ئەکەن ٠

عبدالرحمان رحیم عبدالله
سکرتیری لق

هاوکاری نێوان عیراق و چین لەمیانی کەشتیەوانی دەریایی دا

چەند ڕۆژی لەمەوبێش وەفدیکی کۆمپانیای کەشتیەوانی دەریایی چین بەسەرۆکایەتی لی دون شن جێگری بەرێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیای ناوبراو بۆ سەردانیکی دوو حەفتەیی کەیشتونەتە وڵات ٠

وەفدی ناوبراو لەو ماوەیەدا لەگەڵ لیژپرسراوانی کۆمپانیای گواستنەوەی دەریایی عیراق پەیوەندی و گفتوگۆ ئەکەن ، بەنیازی پتەوکردن و پیشخستنی پەیوەندی و هاریکاری لە نیوان هەردوو کۆمپانیاکەدا ٠ هەروەها وەفدەکە سەر لە بەندەرەکانی عیراق ئەدات تاکو تیایا شارەزای جونیەتی بەرێوەبردنی کاروباری واپەراندنی ئیشوکار بن ٠

چاندنی ٣٦ ٥٧١ ٦٧٦ دۆنم زەوی وزار

ئەو زەوی وزارەی کە لەژێر دەسەلاتی چاککردنی کشتوکاڵدایە ئەگاتە ٣٦٠-٥٧١-٦٧٦ دۆنم کە لەمانە ٢٥٧-٩٣٤-٦٨٤ دۆنمیان بۆ کشت و کاڵ ئەشێن ٠٠٠ وە لەمانەش ٨-٥٨٣-٥٢٢ دۆنمیان بەدەست کۆمەڵە هەرەوەزکاریە کشتوکاڵیەکانەوەیە ٠٠٠ وە ٢١١٨٢٣ جوتیار سوودیان لە کومەڵە هەرەوەزکاریەکان وەرگرتووە ٠٠ ئەوەی شیاوی باسە ٤١٢٤٩٦ جوتیار زەوی وزاری چاککردنی کشتوکاڵیان بەدەستەوەیە ٠

٤٧ مامۆستای تر لە قوتابخانە ئامادەییەکان دائەمەزرێن

لە وەزارەتی پەروەردە ڕۆژی (٨-١٢) بڕاوکراوەتەوە کە ٤٧ قوتابی کچ و کوڕ لەوانەی لە کۆلیجەکانا دەرچوون بەمامۆستا لە قوتابخانەکانی ئامادەیی دامەزراوون ٠

بەپێیە لە ماوەی ئەمساڵی خوێندنا ئیستا (٨٣٨) مامۆستای کوڕ (٤١٧) مامۆستای کچ دامەزراوون ، هەروەها ئیستاکە (٥٥٠) دەرەجەی تر لە ئەنجومەنی خزمەتگوزاریدا هەیە ، بۆ دامەزراندن لێیان ئەکۆلرێتەوە ئەوەی شایانی باسە (١٨٠٥) دەرەجە تەرخان کراوە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە قوتابخانە ئامادەییەکانا هەن ٠

قوتابخانەیەکی پیشەسازی لەپارێزگای دهۆك

دکتور احمد عبدالستار الجواری وەزیری پەروەردە بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە ، تیایا بریاری داوە قوتابخانەیەکی پیشەسازی لەپارێزگای دهوك بکرێتەوە ٠

لەسەرەتاوە لەقوتابخانەی ناوبراوا تەنیا دەرسی کارەبا ئەخوێندرێت وە لەدواییدا کادیری شارەزای بۆ ئامادە ئەکرێت بۆ ئەوەی دەرسی بەشەکانی تریش تیا بخوێندرێت ٠

١٥ کرێکاری تر موچەی تەقاوێتی وەرئەگرن

دایرەی تەقاوێتی (ضمانی) کۆمەڵایەتی لە پاریزگای نەینەوا ، لە ماوەی مانگی رابوردودا ١٣ هەزارو ٢٨١ دیناری بەشێوەی یارمەتی داوە بە ٨١٠ کرێکاری ئافرەت و پیاوی نەخۆش ٠

وەهەروەها لە پاریزگای ناوبراوا لە مانگی پێشودا ١٥ کرێکاری تر موچەی تەقاوێتیان بۆ براوەتەوە ٠٠ بەمپێیە لە ڕۆژی جێبەجێکردنی یاسای کارەوە تائیستا ٢ هەزارو ٣٥ کرێکاری ئافرەت و پیاو موچەی تەقاوێتیان لە پاریزگای نەینەوادا بۆ براوەتەوە ٠

کێڵان و چاندنی زەوی و زاری پارێزگای دیالە

لەو ٤٣٠ هەزارو ٨٢٢ دۆنم زەوی و زارەی بۆ کشتوکاڵی زستانە ، ئەم ساڵ لە پاریزگای دیالەدا کێڵراوە ٠

تا ئیستا جوتیارەکانی پاریزگای ناوبراو نزیکەی (٥٥) هەزارو (٥٦٩) دۆنم زەوییان داچاندووە ٠

هەروەها کاروباری کێڵان و چاندن لەسەرانسەری ناوچە کشتوکاڵیەکانی پاریزگاکە هەز بەردەوامە ٠

گۆشەی بتەندروستی

◆ شێر پەنجەی مەعیدە ◆

دکتور نەوزاد

شێرپەنجەی مەعیدە وەکو هەموو جۆرە نەخوشیەکانی تری شێرپەنجە بەنەواوی هۆی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیە نەزانراوە ، بەڵام هەندێ لەشارەزایان ئەلێن بەهۆی هەندێ لە خواردەمەنیەوە وەپەیدانەبێت ، سەبارەت بەوەی ئەو خواردەمەنیانەی وەکو بەهارات و ترشی و کحول جەرەتیشان دیوارە تەنکەکەی ناوەوەی مەعیدەی ئەکزێنێتەرە جگە لەوە هەندێکی تریش لەزاناکان ئەڵێن ئەم نەخوشیە بەمیرات ئەمێنێتەوە لە خیزانێکدا یەك لە دووای یەك دووچاری ئەم نەخوشیە ئەبن ٠

● نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە : ژانە سبك ، بەتایبەتی لەپاش نانخواردن ، وەهەروەها نەخوشەکە لارازو بێهێز ئەبێت ، رەنگی زەردهەڵئەگەڕێ و خوێنی کەم بەبێت ٠

● بۆ ئەوەی بەتەواوەتی نەخوشیەکە دەستنیشان بکرێت پێویستە بە ئەشیعەرێنەی مەعیدە بگرێت ، وەهەروەها بە جهازێکی تایبەتی کە لە ناو دەمەوە ڕەت ئەکرێت بو ناو مەعیدە ، تەماشای دیۆاری مەعیدە ئەکرێت وە برینەکە ئەبینرێت ٠٠ وە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە جۆری نەخوشیەکە دلنیابین پارچەیەکی بچوك لە برینی ناو مەعیدە ئەقرێنێرێت و ئەنێررێت بۆ تەحلیل کردنی ٠

● چارەکردنی ئەم نەخۆشیە بە عملیاتیکی جراحی ئەبێت وە ئەو بەشەی لە مەعیدەداتوشی نەخوشیەکە بووە ئەبڕێت ٠٠ هەرچەندە سوودیکی تەواویشی نیە ، بەڵام بۆ ماوەیەك نەخۆشەکە ئەحەسێتەوەو لە ئازار رزگاری ئەبێت ٠

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەزیەمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ١٥ تا ٢٢ی کانونی یەکەم ئەگرێتەوەو رێکەوتی ٢٥ تا ٣١ی سەرماوزی کوردی یە ئەم رووداوە گرنگانەی تیدا قەوماوە :

رووداوی کوردی :

لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا سوپای داگیرکەری ئێران شاری مەهابادی داگیرکرد ٠

لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٥٧دا کوردپەروەرێکی ناسرای خانەقین مامۆستا مەلا سید عبدالحکیم لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کرد ٠

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠دا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هەولێر بڵاوکرایەوە ٠

لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨دا شاعیری نیشتمانپەروەر فایق بێکەس کۆچی دوایی کرد ٠

لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٥٨دا شاعیر نوری شێخ صالح کۆچی دوایی کرد ٠

رووداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥دا « عصبة الامم » بریاری دا ولایەتی « موسل » بخرێتە سەر خاکی عیراق ٠

لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٥٦دا لە قەزای (حی) نیشتمان پەروەران پەلامباری میری یان داو بوو بە ڕاپەڕینێکی گەورە ٠

لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩دا مامۆستا (مصطفی جواد) کۆچی دوایی کرد ٠

رووداوی جیهانی

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٧٧٠دا موسیقاری ناسراو بیتهۆڤن هاتە دنیاوە ٠

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧١دا هەرێمی - بەنگاڵ - لەپاکستان جیابوەوەو بەناوی (بانگلادیشەوە) شەربەخۆیی وەرگرت ٠

لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٠٣دا دووبرا (رایت و باول) هەوڵی داهێنانی فرۆکەیان داو بەفرۆکەیان پێنج مەتر لەزەوی بەرز بونەوە ٠

لە ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا شۆڕشگێرانی ڤیتنام هێرشێکی بەهێزیان بردە سەرسوپای فەرەنسای داگیرکەر ٠

لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٥٩دا (ڕۆژی سارایانی جیهان) دیاری کرا ٠

لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠دا هەژدە رێکخراوی شۆڕشگێر بەرەی رزگاری ڤێتنامی یان دامەزراند ٠

کوردوکوردستانەکەت بناسە

ئورمیە (ورمێ) :

دەریاچەیەکی کوردستانەو کەوتوەتە نێوان دەریای (قەزوێن) و دەریاچەی (وان) ەوەو لە قەزوێنەوە (٣٠٠) کیلۆمەترەو لەوانەوە (٢٠٠) کیلۆمەترە دوورە ٠ روو بەری ئەم دەریاچەیە چوارهەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەییە بەڵام قوڵایی ئاوی ئەم دەریاچەیە لەقوڵترین شوێندا لە ١٤ مەتر تێناپەڕێت ، لەبەر ئەوەی ئاوی ئەم دەریاچەیە زۆر سوێرە ماسی تیادا ناژی و بەکەلك خواردنەوەش نایەت ٠ لەناو دەریاچەی (ورمێ)دا نزیکەی پەنجا دورگەی گەورەو پچوك هەیەو لەنێو کوردا ئەم ورمێیە بە (مەراغە)ش ناسراوەو شاریکیش بەم ناوەوە لە ڕۆخیدا هەیە ٠

institut kurde de paris

شیعر

احمد مخلص

شەقەکێ چومە حضورا صەنەمێ تەجریبەکێ
تاچەوا ڕەحموەرووەت هەنەوێ چاف بەلەکێ
مەگەلەك سوحبەتومەحەبەت کرەمە قصودونەکر
مەنەزانی کومەئیقبالا خرابە ژفەلەکێ
مەخەوا خو شوشرین وێشەقێ چوعەددمێ
کوژبسکو کەزیا کەقتمەقەیدو خەلەکێ
ژخودی ئوبو مرادامەخو هشیار بکەت
جابەکێ بینیتە وجودێ ژطەلەبامە ژئالەکێ
چ سوئالاکرباوێ بەحەقیقەت دائەژ جابەکا
تازە دومو صوحبەتێ بوکەم گەلەکێ
جەهنەما عاشقی نەوگاقە کومە عشوقێ بە بیت
مەیلو موحەبەت لدایێ کول وەیە دانیت پلەکێ
بێشکە ئەقە بمریت ڕابنوگفنی بینن
دەپەکیدانن ئاقێ بکەنەمەنجە لە کێ
نێتەئەژ سونم ئاڤ نینە قە مرهیت ئاگر
توعیلاجێ لەبکە ئاسکوغەزالێ چەلەکێ
ژخەیالا مەتودەرناکەقی قەتگاڤو سەعەت
ما چ لازم کوتومە بسوزی طەبیعەت مەلەکێ
ئەم نە ساخین برینداروخودان ئێشو ئەلەم
تومەژ ئیحسانا خودەرمان بکە ئەزچوم هەلەکێ

کوڤانێت جوتیارا

عارف رشدی

گەلوکانێ ماڤێ هەژارا !
گەلوکانێ خوها جوتیارا !
گەلوکا ڕەنجا دەستێژارا !
گەلوکا ناڤێ خوهڤەمالا !
دێ بێژم ڕاستی دێ بێژم
ئاخینکێت هەژرادێ ڕێژم
جوتیارم .. هەژارم نەیێ گێژم
مەڤەهاندن کوڤانێت سالا
دێ بێژم ئیروکە بێ ترسی
چەوازەڤی بو خودان دەستی
جوتیار غەمگین خوینا خوڕشتی
ڕێڤنگێ ئاشێ بت ژزالا
جوتیاری زەڤی کیلانە
توف ڕەشینو ڕەنجی کیشانە
نوبەداری خەماگرانە
دەمێ بەری خوی دەستی قالا
ئاغایە خووێ مەرگولناف کوردا
چ هە گیرە دگهوڕوگوندا
ڕەژڤانو شڤان هەرێت هندا
ئاغایەتی .. بەگاتی مالا
ئەی زەڤی تو باخڤەبەبەڤە
ژینا طالە چەند سالو هەیڤە
چلوڤێ وە دکەی ژ ئاغای
توبنێرە ژینا تفالا قە
بو جوتیار هە پالێ ئیشی یا
تێهنێ لبەر لێڤاکانیا
مائەهرەمەنمایە لهیڤیا
گەژنا خو نویکەت لسەر سالا
ئەهرەمەن چو دێ جن دەستێت پیس
دێ برێنن ئەوان دەنگێت خویس
ناهێلن ئاغاتی شیرێ ڕویس
زەڤی یو ناڤ بو خوهڤە مالا

دوهی ئو ئەهڤرۆ

لسەر بریارا (مجلس الامن)ێ داگیرکرین بەردەن بچنە جهێت خو ئیت بەراهیکێلێ .. ئو لسەر تاقەتا خاچاصور (قوات الصليب الاحمر) هەیە کو ئەوتشتێ خارنێ بگەهیننە لەشکرێ مصریا ئەوێ وەکو د حسارێ دا لدەڤەرا (فالوجا) .

هەرکیێ هزرێتوی دبێژبن ئو ژوان بیت. یێ زوی شولا زبیرنەکەت دێ هێتە بەر هزراوی هەروەچکو بچاڤا دبینیت .. لسالا (۱۹٤۹)ێ ڤرێکرێت مصری ئو ئسرائیلی کەهشتنەئێك ئو پێکڤە ڕوینشتن دا گرفتارێت خو بدیماهی بینن لگزیرتێ (رودسێ) ئەوا دهێتە هەژمارێ ژ عەردێ یەونانی .. پشتی (۲۵) سالا ژوێ ڕوژێ وەرە جارەکادی ، فرێکرێت هەردو لا گەهشتنە ئێکودو بەلێ نەلڕودسێ ئان لسەر ئاخەکا بیانی .. لسەر (کیلو مێترا ۱۰۱)ێ ئو باژێرێ (سوێسێ) کەفتە بن حسارا جوهیا .. ئو لەشکرەکێ بکار یێ تێر چەکێ شبەری ژ مصریا ماد حسارا جوهیادا ئو لبن ڕەحما وان ، هزرەت لێ بو نانەك - فرەکا ئاڤێ لوی چولێ بێ دەی باب . لسالا (۱۹٤۹)ێ (رالف بانش)ی وەکیلێ سەروکێ (مجلس الامن) بو وی دەمی . هندی کرئو نەکر مصر ڕازی نەبو دگەل جوهیا ڕوینیت لبەر مێزەکی .. چنکی شەرم دکر ، دڕویا نەبو ، فرێکرێت هەردولا ئیت مصریا ئو جوهیا لئوتێلەکێ دڕوینشتن .. رالف بانشی قەسێت هەردو لا دگەهاندنە ئێك .. ئو دنابەینێدا د هاتو دچو .. دیماهیکێ (بانش) پێڤە کەفت (وەستیا) هندی هاتوچو .. هەردو لا نەچاربون ئێکودو دیت ئو ڕوینشتنە دگەلێك ، دیماهیکی وەسا پێکهاتن کو جهێ فەلەسطینێ ئەوێ جوهیاگرتی هەر بمینیت بن دەستی وان ئو مصریژی لایەکێدی ژێ بگرن ، لسەر جوهیا هەیە سنوایێ وان گرتی موگوم کەن دا جارەکادی مصری هێرشا نەبەنە سەر ، دیسا (لوجنەك) چێکر یاتێکەل حەفت کەسا ، ژ هەرلایەکی سێ ئو سەروکێ وێژ (کوما ئیك گرتیا) هیئة الامم .. دا ئێخسیرا پێك بگوهوڕن ، جوهیا یاخو بدلێ خو کر .. هێژ ئەف کومە بدرستاهی نە قەرەڤی جوهیا دەڤەرا (عوجه) داگیرکر لسالا (۱۹۵۵)ێ ئو (گەلیێ عەرەبێ) لسالا ۱۹٤۹ێ ، جوهیا (میناء ایلات) گەهاندەخو .. دا پاپوڕێتوی لئاڤێ بهێن ئو بچن ڕەحەت جوهیا وەنەکر بڤێ چەندێ ... وەنەکر مشەختێت عەرەب بزڤرنەڤە ئو لشوینا تالانکرناوان پارا بدەنێ ، ئو نەڕازیبوناخو دیارکر دەر بارەی (قودسێ) کو بمینیتە دبن چاڤدێریا (هیئة الامم)ڤە .

لروژا دوهی ئو ئەڤرو ۲۲ێ ههیڤا ۱۱ لسالا ۱۹۷۳ێ جڤاتا ئێمناهیێ بریار دا کو شەڕ لنابەینا جوهیا ئو عەرەبا ڕاوەستیت ، جوهیا بڤێ بریارێ وەکر ئو کەیف پێهات دیسا مصرو سوریێ ، بەلێ دبن ڕا جوهیا لەشکرێ خو هنارت (لقەناتی) دەربازبو ئو لپشت لەشکرێ مصریا زڤری ، ئو لەشکرێ سێ یێ مصری کەتە حسارێ ، ڕێ لی بزداند نەشیا بزڤریتەڤە لسەر کیلومێترا (۱۰۱)ێ هەردو لا گەهشتنەئێك دا پێك بهێن .. بەلێ لسەر چ ؟

● نە لسەر قودسێ کو هەکە دەدەستێ عەرەباژی دانەبیت بلا باژێرەکێ بەردای بیت بو هەمیا .

● نە لسەر بەردانا جوهیا ژ بو عەردێ عەرەبا یێ سالا ۱۹٤۸ێ ئو ۱۹٦۷ێ گرتی .

● نە ژبەر کو جوهی وەبکەن عەرەبیت فەلەسطینی ئیت دەربەدەر بوین بچیە جهێ خو .

● نە ژبەر هندێ یە کو سنورەکی دانن بو ئاخەکێ کو ببێژنێ فەلەسطین . بەلێ لسەر کیلومێترا (۱۰۱)ێ بریاردا کو جوهی قەگەڕینەڤە وی جهی یێ ژی هاتین . ئو ئێخسیرا پێك بگوهوڕن ، ئو سنورا دانن بو شەڕ ڕاوەستانێ دەرطەنگا (باب المندب) ئەوا ئاڤاصور (البحر الاحمر) ئو ئاڤا عەرەبی (پاکو دبێژنێ) خلیج عدن) دگەهینیتە ئێك لینێ گزیرتی عەرەبی ، وێ دەرطەنگێ عەرەب بەردەن لبەر پاپوڕێت ئەمریکای ئو جوهیا ، ئو لەشکرێ سێ یێ مصری ئەوێ کەفتیە حسارێ بەردەن دابزڤریتە مالاخو ، نەکو داهێژ بچیت ، بەلێ جوهیا بڤێ هەمییێ وەنەکر .. ژبلی کو ئێخسیرا پێك بگوهوڕن ئو هند ..

(ئەڤرو وەکی دوهیە ... بەلێ سوبەهی وەکی ئەڤرو نابیت) چنکی هندەك رجیم ئیت حکومەتێت عەرەبی یێ لگەلیەکی .. ئو پێدفیانیێت بسەرکەفتنا عەرەبا یێ لگەلیەکێدی .

وەرگێرانو درستکرنا
علی نقشبندی ژگوڤارا
(الف - باء)

نوکتە

لوەختێ حوکمێ قەرەقوشی دبێژن مروڤەك دبەردیواری خانیەکی ڕا چو ئینا دیوارهەڕفت بسەرمرکی دا هات ئەو مروف مر ..

مروڤێت مێرکی چونەنك قەرەقوشی (وی دەمی قەرەقوشی حوکم دکر لمصرێ) دەعوا خونیا زەلامێ خو کر لخودانێ وی خانی ئەوێ دیواری وی هەڕفتیە بسەرزەلامێ وان دا ، دەما خودانێ خانی ئینای وی ژی گوت : بناسێت من نینن .. بناسێت وی نە ئەوێ خانییێ من ئاڤاکری وی سستو پلت یێ ئاڤاکری .. دەما ئەو هوستا یێ خانییێ وی ئاڤاکری ئینای وی ژی گوت : بناسێت من نینن جوهیەك دبن دیواری ڕاهات ئو کوخی لدەنگێ کوخکێ وی دیواز ژسەرێك چو .. قەرەقوشی گوت : وی جوهی بینن ئونوکە بشەلیتێ قەکەن .. دەما چونیەجوهی .. ئینابەر سێپیکێ هندی هاتنێ نەشیان جوهی بخەندقینن چونکی سێپێك یاکورت بو پێدجوهی گەهشتنە ئاخێ شەلیت بلندنەبو .. جاب بوقەرەقوشی پر کو جوهی گەلەکێ بلندە پێدوی دگەهنە ئاخێ شەلیت نارابیت ، وی فەردانکر کو هەڕن جوهیەکێ کورت بینن لشوینایێ درێژ دا پێدوی نەگەهنە عەردی ، ئێلچی چون لباژێری گەڕیان جوهیەکێ کورئوکە ئینا شوینا جوهیێ درێژ بسێ داریێ فەکر .

کوڤانێت جوتیارا

عارف رشدی

گەلوکانێ ماڤێ هەژارا !
گەلوکانێ خوها جوتیارا !
گەلوکا ڕەنجا دەستێژارا !
گەلوکا ناڤێ خوهڤەمالا !
دێ بێژم ڕاستی دێ بێژم
ئاخینکێت هەژرادێ ڕێژم
جوتیارم .. هەژارم نەیێ گێژم
مەڤەهاندن کوڤانێت سالا
دێ بێژم ئیروکە بێ ترسی
چەوازەڤی بو خودان دەستی
جوتیار غەمگین خوینا خوڕشتی
ڕێڤنگێ ئاشێ بت ژزالا
جوتیاری زەڤی کیلانە
توف ڕەشینو ڕەنجی کیشانە
نوبەداری خەماگرانە
دەمێ بەری خوی دەستی قالا
ئاغایە خووێ مەرگولناف کوردا
چ هە گیرە دگهوڕوگوندا
ڕەژڤانو شڤان هەرێت هندا
ئاغایەتی .. بەگاتی مالا
ئەی زەڤی تو باخڤەبەبەڤە
ژینا طالە چەند سالو هەیڤە
چلوڤێ وە دکەی ژ ئاغای
توبنێرە ژینا تفالا قە
بو جوتیار هە پالێ ئیشی یا
تێهنێ لبەر لێڤاکانیا
مائەهرەمەنمایە لهیڤیا
گەژنا خو نویکەت لسەر سالا
ئەهرەمەن چو دێ جن دەستێت پیس
دێ برێنن ئەوان دەنگێت خویس
ناهێلن ئاغاتی شیرێ ڕویس
زەڤی یو ناڤ بو خوهڤە مالا

ڕێ یا ڕاست

ریبوارەك

جارەکا دێ مەزنێی دنێ ئاڤەك بئاگرێ خەباتا ملەتێ عەرەبی دا کر دژی ئیسرائیلی وزەیونیزمێ و ئیمپریالیزما جیهانی بو هەیامەکێ دیژی دێ کەتە کەنی و خوینا ملەتێ عەرەبێ برا مێژیت و هەستیێن وی ڤەروژیت و مەشینو کارخانێن خو بپترولێ ژاروژیرێن عەرەبا دەتەکار .

بەلێ پروگرامو پیلانو تەگبیرێن لەوتیێن ئیمپریالیزمو زەیونیزمێ براوەستاندنا شەری لروژهەلاتێ ناڤەراست گەهشتە ئامانجا خو ئو هەمی دیڤەلانکێن هەرمی و هەمی کوردی و کلکێن ئیمپریالیزمێ لدەڤەرێ بگەرمی دبزڤن ژبو هندێ ملەتی عەرەب بێدەنگ بکەن و نەچاربکەن بڤێ ئاشتی یا لسەر جوئیارو پالەو رەنجدەرێن عەرەب لیسنای و لسەر گوبیتکێن جولانێ دروست بووی رازی بیت .

بۆ ئیمپریالیزمو زەیونیزمێ ئەڤە دڤێت ؟ دیارە بەرسڤا ڤێ پرسیارێ گەلەك ئاشکاروخویایە ، وەلێ گرنگ ئەوە ملەتێ عەرەب دێ رازی بیت ئان نەو ئەگەر رازی نەبیت پا کیژکە ڕێ یا راست ؟

بێ گومان زویدانێن ڤان بیست و پێنج سالێن بووری راستی یەکا تەمەت روژێ رون و دیارو گەرم یا دیارکری ئەو راستی ئەوە ملەتێ عەرەب ، پالەو جوتیارو رێنجبەرێن عەرەب جوجارا بڤان رەنگە ئاشتیێن لسەر کەلەخو هەستی و خوینا وان ئاڤا دبن رازی نەبووینەو هەر ئاشتی و پێکهاتنەکا هەتا نوکە بووی پتر بەندو ئاسنێن لسەر ستۆو دەستێن وان شدیاین و پتر خوینا وانا هاتیە مێژتن ، بەلێ ئاغاو دەرەبەگ و کرێ گرتی و دیڤەلانکێن ئیمپریالیزمێ بەردەوام پاریەکێ مەزنێ ڤێرا گەهشتی ، ژبەر هندێ هەردەم درازی بوون ، وەلێ هەژارێ عەرەب ژی ڤێ راستیێ دزانیت لەورا هەروەکی بەری نهو بڤێ خوبدەستڤە بەردانێ رازی نەبوویە هەروەسا ئەڤرو بگەرمی و ژهەمی دلەکێ خو دژی ڤێ ئاشتی یا هەیە یا کو داگیرکرنا وەلاتێ وی ژبو ئیمپریالیست و زەیونیستا ، ژبو ئوردویێ بێ ئابروو بێ ویژدانێ وان لئسرائیلی مسوگەر دکەت .

ژبەر ڤێ چەندێ و ژبەرهەمی وێ خوینا ئالو زەلالا هاتی یە رشتن ، ژبەر هەمی وان ئێش و ئاخین و ئازارێن هائینە دیتن ، ژبەر هەمی زولمو زوروازی یێ لسەر سینگانانا هاتیەکرن ، ژبەرڤان هەمی یا ، ملەتێ عەرەب دزانیت ، ئێك ئاشتی یا هەیودێ گەلەکێ یێ دلخوش و رازبیت ، ئەو ئاشتی یا لویلێن تەڤەنگان دروست دکەت .

بلا بکەنە کەنی و دلێ خوخرابکەن نوکەرێن کرێ گرتی ، دێ کیڤە رەڤن ، دێ کیڤە قورتال بن ، کەینێ دیوماهی هەرێ ملەتی یە .

دیروکا شورشێت کوردان وکورێنیت بسەر داهاتین

فارس عبدالله حمو

بەلاڤوکەك سەیدایێ شەهرەزا (بلیچ شێرکو)ی بەلاڤکربو دناف ڕێزا نڤیسینیت (خویبونێدا) یاکو هاتیە بەلاڤکرن لسالا (۱۹۳۰)ێ ، لبن ناڤێ (القضية الكردية) .

بلەج شێرکو دبێژیت : دڕێزەکێدا ، لوی دەمێ کو حوکومداریا تورکا فەرماندای کو دڤێت کورد نەمینن هەرکورد .

من ئەڤ پەرتوکە بدەستخو ئێخست و وەرگێڕا کرمانجی ژ زمانێ عەرەبی ، هەکە هندەك کێماسی تێدابن خویندەڤان لمن نەگرن چنکی وەرگێران نەوەکو نڤیسینێیە ، یا بزەحمەت ترە .

(میمونکیتین) دگوتارێ خودا دبێژیت ئەوا وەکو لگوڤارا میر کورەد فرانس دهەژمارا ئێکێدا لژێرنافێ (هندەك ڤەکولان ئو بەرێخودان لسەر کوردان) بەلاڤبوی ، بەلێ ئەگەر ئەم بدرێژی لسەروان شورشا باخڤین ئیت کو کورد پێ ڕابوین دژی حوکومداریا عوسمانلیا ئو حەتا دەمێ پشتی وان ژی ، پێدڤیە ئەم کەلەك لسەر بنڤیسین دا کو خەلك بدرستاهی دڤان شورشا بگەهن ، داکو بزانن کو کوردا چەند چەفا یا دیتی ژدەستێ بیانیا ..

جادڤێ گوتارێدا مەبەستا من ئەوئینە ئەز مێژووا شورشێت کوردان بێخمە بەرچاڤێت خوینەدەڤانا .

بەلکی مەبەستا من ئەوە ئەز بڕیکا مامێخو دا چو ، ئانکو هاتە کوشتن ، دگەل کوشتناوی حوکمداریت تورکا فەرمانا سەرێ کوردادا .

لسالا (۱۸۲۰)ێ لدەڤەرا (زازا) شورشەك ڕابو وەك شەمالکەکێ ڕوناهی دا چپایت کوردستانێ ، بەلێ گەلەك نەما ژبەر هندەك ئەگەریت ئابوری ، یێ بڤێ شورشێ ڕابوین دیماهیکێ ڕەڤین خو لچپایت کوردستانێ ئاسێ کر ، هەیامەکی مانە بڤی حالی پاشی کەس ژێ نەما .

گەلەك شورشا سەرێ خو یێ هەلاندی دنافبەرا وان سالادا ، لسالا (۱۸۲۹ - ۱۸۳۹)ێ لدەڤەرا هەکاریا ئو رواندزێ ئو لچپایێ طورێ ، وەلێ هەمی بدەستێ زولمدارا هاتنە ڤەمراندن .

دیسان شورشا پاشایێ (کورە)کو دگوتێ میرمەحەمەد ئەوژی ژبنەمالا بابانیا بو .

لسالا (۱۸۳۰) شورشەکادی لچپایێ شنگارێ هەلبو ، پتر ژسێ سالا کێشا ، گەلەك مالو مروف دوێ ڕێکێ داچون ، دیماهیکێ وێ ژچولدیف نەهات ، ئانکو پیچبو .

لسالا (۱۸۳٤)ێ میرەکژ میرێت کوردان بشورشەکێ ئینادەرێ ، حەتا کو گەهشتیە ڕەخێت بەغدا ، هەمی گاڤا دگەل دوژمنی یێ بسەرکەفتی بو ، وەلێ ئەو ژی دیماهیکێ بڕیکا مامێخو دا چو ، ئانکو هاتە کوشتن ، دگەل کوشتناوی حوکمداریت تورکا فەرمانا سەرێ کوردادا .

جا ژبەر هندێ ئەف گوتارە دێ کورتە بەحسەك لسەروان شورشێت ڤێ دیماهیێ هاتینە کرن لکەل چەند بەحسەکی لسەرشورشا (میری جزیرا بوتان - میر بەدرخان بەگ) .

لسالا (۱۸۰٦)ێ لباژێرێ سولەیمانیێ سەروکێ بناڤودەنگ ژ بنەمالا بابانیا ڕابو وەکو چریسکەکێ لهەمی ئالا کوردا بەرێ خو کرێ ناڤێ وی پەهلەوانی (عبدالرحمن پاشا) بو ، شورشاوی ژدوسالا پترکێشا ، گەلەك جار بسەر دکەفت ئو دوژمن پاژڤەد برن ، وەلێ دیماهیکێ هاتەکوشتن ، جا ژبەر کو کەس نەبو شونیاری بڤێ چەندێ ڕابیت ، ئەو شورش پشتی وی هاتە ڤەمراندن .

لسالا (۱۸۱۲)ێ ، شورشگێرەکێ دی پەیدابو ، هەر ژوێ بنەمالی دگوتێ (احمد پاشا) ڤی قارەمانی سەرکێشتا شورشەکا فرهە ئو مەزن کر ، وەکی شێران بەرسینگێ حوکمداریا تورکا ڕابو وەکو چریسکەکێ لهەمی ئالا کوردا بەرێ خو کرێ ناڤێ وی پەهلەوانی (عبدالرحمن پاشا) بو ، شورشاوی ژدوسالا پترکێشا ، گەلەك جار بسەر دکەفت ئو دوژمن پاژڤەد برن ، وەلێ دیماهیکێ هاتەکوشتن ، جا ژبەر کو کەس نەبو شونیاری بڤێ چەندێ ڕابیت ، ئەو شورش پشتی وی هاتە ڤەمراندن .

لسالا (۱۸۳۰) شورشەکادی لچپایێ شنگارێ هەلبو ، پتر ژسێ سالا کێشا ، گەلەك مالو مروف دوێ ڕێکێ داچون ، دیماهیکێ وێ ژچولدیف نەهات ، ئانکو پیچبو .

لسالا (۱۸۳٤)ێ میرەکژ میرێت کوردان بشورشەکێ ڕابو بەرامبەر حکومەتا تورکا ئافێوی (شریف پاشا)بو میری (بتلیسێ)یێ بنافودەنگ ڕابو دژی ئاغا ئودەرەبەگێت کوردان لچاخێ حوکمداریا تورکا دایە ملیت خو کو میرگەها وی نەهێلن ، پشتی بزاڤەکا تیژو دژوار ئەف شورشەژی هاتە ڤەمراندن .

بەدرخان پاشا کوڕێ (عبدالخانی) لسالا (۱۸۲۱)ێ هاتە سەرئەختێ بهێرش ڤە (وی دەمی ژی عەمرێوی ۱۸ سالبون) وی دەمی جزیرا بوتان دەدەستێ حوکمداریا تورکادابو ، دەما بەدرخان هاتیە سەرحوکمی وی دو شولیت مەزن کرن ، ئانکو ئەف دوهزرە دانانە بەر چاڤێدخو .

۱ - ڕێکێت (موفسدو داگیرکەریت تورکان ببرینیت ، ئانکو لناف وەلاتێ خو دا نەهێلیت .

۲ - کوردستانێ هەمییێ ڕزگارکەت ، ئو ئێکەئێ ئو برا یەتیێ بێخیتە ناف هەمی کوردان .

بەری بەدرخان پاشا دەست پاڤێتە شورشاخو هزرا خوکر ئو گوت : ئەگەریت ڤەمراندنا شورشێت کوردان ژ بەرهندێ نینە چونکی تورك کوردان زورترن ، وەلێ وی ئەف ئەگەریت هەنە کرنە سیچ بو

بروانە ل ۷

کوم کرنا فۆلکلۆری ئەرکەکی پیرۆزەو دکەفتە سەر ملیت خویندەڤانیت کورد .

ـ أنور محمد طاهر ـ

مامۆستا « شریف الرأس » نڤیسەڤانی عەرەبی دگۆڤارا - التراث الشعبی - هژمارا -٥- ی سالا ۱۹۷۳ دبێژت :

(هەکە دادگایەکە باش هەباو هەرچی وەلاتەکی عەرەبی نەخاسمە ئەوێن سستیێ دیار دکەن ، هاتبانە سزا کرن من ڤییا ئەزێ ئێکی بامەو سزایە من ئەوبا سێ سالا ئەز گرتیێ حەبس و زێندانا بامە) .

بەلکو ئیك بێژت زبەر چی ئەڤی هژ گۆتی یە ؟ ئەڤە ژ بەر وێ چەندێ یە مامۆستا - شریف الرأس - دوەختێ خۆدا رێبەرێ کوم کرنا فۆلکلۆری دەڤەرا سوریا بوو . بەلێ نەشییا ڤی کاری بجی بهێنت .

ئەی خەلکینە .. کوردینە ! ما نەوەختە ئەم ببزڤین و چو نەبت چاڤی لمللەتیت دی ببێشین کا چاوا بایەخێ ددنە فۆلکلۆری . فۆلکلۆرێ مە وێ بەرەو نەمان دچت ژ بەر گوهنەدانێ و نەتۆمار کرنا وی . وەرە بزانە هەلویستێ مە دێ چیت بەرانبەری نەوێ (جیل) پاش مە تیت چونکە چو نزانن ژ سەرهاتی و بەیتا .. وەکی (سیپانێ خەلاتی ، قەلا دەمدمێ ، هەسپێ رەشۆ ، فەرخو ستێ ، چل کافرا ، شێخێ سەنعانیا ، رۆستەمێ زالێ .. مەلایێ کەوڵێ ، دەروێشێ عەقدی ، خەرجو سیامەند ، جمبەلی ، مەمی ئالان .. عیسێ دەلال ، وەرنە تری ، عەمێ گۆزێ - لاوکێ سەۆقی - زەمبیل فرۆش حەسۆبی سلیفی ، مەمۆو عەباس .. هتد) .

ئەڤە ژ حکایەت و سەرهاتیا . وەلێ رەخەکا گرنگ کۆ چەند لێکۆلینەیت « انثرۆپۆلۆچی » دهێنە کرن بۆ زانینا بیرا ژیانا مللەتێ کورد گەلەکە پێدڤیە ئەم لێ بزڤرین بنڤیسینا سەر براستی ئەوە کو نەریت و رەوشتێت مللەتێ کورد کو هەر ئیك ژ ڤان کارا سترانا خۆیا تایبەتی وا هەیی وەك :

(شەڤێن شەڤەڕۆکی ، ئاخەبانا دەریانا گەنما ، دزیت کرنا تری ، کۆلانا ردزا ، هنوتنا خانیا ، چەلی بر چنیا ماسیا ، راڤێت کەوا .. شەڤا خەنایە ، گوهاستنا بیکێ ، برنا زاڤای بۆ سەر شۆبێ ، بێریا پەزی ، دانینا لاڤژێن کاویس ئاغا .. سعید ئاغا .. مریەم خان .. حیدر باجلوری .. حسین باجلوری .. یوسف عبو خورتا .. سلێمانێ خەرشەنی .. پیرگرۆ .. حسین بادی .. شێخ میرزا .. محمد برۆ .. سلێمان هنارە)و .

بروانە ل ۷

institut kurde de paris

شانۆی کوردی

• سەعیدزەنگەنە •

بێمەلامەت نییە کە شانۆبە قوتابخانەی گەل دانراوە.. بۆیە ئەبێ ئێمەیش شادەماری بەژەیی‌مان بجوڵێو دلسۆزانە ئاوڕێك لە شانۆی کوردی بدەینەوە کە ئەم کارەیش پیویستی بەشی کردنەوەیەکی چاك هەیە ، چونکە ئەوەی بەسەر کوردی کلۆڵدا هاتبێت بەسەز شانۆی کوردی بەسەزمانیشاهاتووە •

ئەگەر بۆم بلوێ بە (دەروون) کەیلیەوە ئەلێم کە هەمیشە ژیانمان (کولە مەرگی) بووەو لەژێرپێ لەقەی کۆنەپەرستو ئیمپریالیزمدا بوین ، ماوەی ئەومان نەبووە کە سەری خۆمان بخورێنین ، بۆیە لە زۆر مەیداندا دواکەوتوین کە هونەریش یەکێکە لەوان • بێگومان ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە پەیتا پەیتا هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی (لەهەمو پەلە قاژێ یەکمان بخەن و ڕێگای هونەریشمان وەك شەوەزەنگ لێ تاریك بکەن) بەلام ئەگەرچی لەباتی پێکی سەرکەوتن تالاومان نۆش کردووە ، دەسە پاچە دانەنشتوین و بلێین « سەبەب کازمان بەکۆی ووخالی بێت » • واتە چوختیانە ناو بەناو بەرهەم پێشکەش کراوەو هیچ بەدفەسالێکیش نەیتوانیوە چۆبلاومان پێ بکات • وا ئێستایش لەم قۆناغە ناسکەدا بیر لەشانۆی کوردی ئەکەینەوە بۆیە ئەبێ بەیەلین بەدەم باویشکەوە خومان لێ بکەوێت تادەس بە وڕینە کردن نەکەین ، واتە خۆمان بۆ هاموارکردنی هەمو قوڕێکی سەخت ئامادە بکەین و دڕك و پەیکوڵو تاش و تاوێرو بەپێشکەش کردنی پەرهەمی پوختەبکەینەوە • تایزانن لە نامۆ زیاتر بە دەستەمۆیان نابین • ئەبێ لەهەوڵو تەقەلای (بەردەوام)دا لەنگەر ببەستین تا بە هەستێکی پێ گەردەوە لەخزمەتی جولانەوەی پێشکەوتنی شانۆی کوردیدا (دەستەو نەزەر) بوەستین وە لە هەمو کاتێکیشا لەکاری فەریك و زرلەو دەنگی لاواز و ناساز



کۆرەشیوی هەزار بە هەزاری سەر ڕێی شانۆمان تەخت بکەین ، هەتا بتوانین تۆڵەی ساڵانی رابردوی تالمان دورە پەرێزبین (واتە ڕێگای ئەوکەسانە نەدەین کە بەزۆرە ملێ ئەیانەوێ خۆیان بکەن بە پارسەنگی هونەرو لەزیانیش زیاتر هیچیان بەسەر هیچەوە نییە) • خۆشمان ئەبێ هەستی یەکتر نەپوشێنین و بیروباوەڕی یەکتری (ئالو گۆرکەین)و لەخۆبایی بون دوورابین و بێجگە لەوەش پێویستمان بەخوو ڕەوشتی هونەرمەندانەو شارەزایی یاساو ڕێبازەکانی شانۆهەیە ، ئەبێ کارەکانمان جگەر سۆزانەبن ، تابتوانین شانۆی کوردی پایەداربکەین و پاشە ڕۆژێکی باشترو ڕووناك تریش بۆ نەتەوەکەمان وەدی بێنین و دەستێکی بالاشمان لەپێش خستنی شارستانی یەتدا هەبێت ئەوسا بەنوێنەری ڕاستەقینەی شانۆگەری کوردیش ئەژمێرڕێن پێش ئەوەی کۆسپەکانی سەرڕێی شانۆ دەس نیشان کەین بەهیوای ئەوەی کە هەوڵێکی تەواو بو نەمائیان بدرێت ، ئەمەوێ بڵێم ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموماتە بەبێ جیاوازی و کەسیش نابێ سەری ناڕەزایی لەمە (ڕابوەشێنێت) •

تەگەرەکانیش : وەك نەبونی شانۆیەکی ڕێك و پێك بەگەرەستەیەکی تەواوەوە لەهیچ شارێکی کوردستاندا و نرخ نەدان بە هونەرمەندی شانۆیی و پاڵپشت نەکردنی لەلایەن هەمولایەکەوە • هەروەها تەگەرەیش ئەخرێتە ڕێگای ئیجازەدانی چیرۆکەوە • پاشان کۆسپێکی سەختتر ڕومان تێ ئەکات کە ئەویش چیرۆکە • برایانی بەرێز ئەگەر هەول نەدەین بەهیچ (کلۆجێك) چارەمان نییەو دەنگی زولاڵیش بەبێ کۆشش بێسودە ، بۆیە باسێو دووی لێ نەکەین و هەر لەئێستاوە ناوی خوای لێ بێنین ، خۆ ئەگەرەی ناوخۆو کۆمەلاتی •• بێ شومارن هەیە ئەتوانن شتی بەسودو چاکیان لێدەس هەلچن بکەن •

پاشان کۆسپێکی کە دێتە ڕێگامان ئەویش کەم بەشداربونی ئافرەتە لەم هونەرەدا • لێرەدا لەسەرمان پێویستە کە ڕۆشن بیری لەناو (ئۆمەڵدا) بڵاوبکەینەوەو خوشکانیش بەبێ سلەمینەوە لەشانۆ نزیك ببنەوە • خوشکانمان لەبێ ئەوەیان بێتەوەیاد کە ئافرەتی کوردهەر لەکۆنەوە چارنەترس بووەو دژی دوژمن جەنگاوە ، ئیترچۆن خۆی لەم خزمەتە بێبەری ئەکات ، کە شانۆیش باشترین جێگایە کە بەشداری پیشکەوتنی ولات بێت • پاشان ئەگەر بمانەوێ بەرهەمەکانمان پوختەبێ پیویستە بیر لە (تفرغ) بکەینەوەو کۆششی بۆ بکەین کە ئەم کارەیش ئاسان نییە • هەروەها رەخنەگریش پێویستە بۆ پێشخستنی ئەم هونەرەو ئەبێ لەیاد نەکرێت •

پاشان خاڵێکی گرنك هەیە کەئەویش ئەبێ هەر لەمنالی یەوە مەلاشوی مناڵەکانمان بەهەنگوێنی زانیاری هەڵ بدەینەوە هەتا بۆ پاشەڕۆژ بەقاڵ کراوی بێنەکایەوە •

بێگومان پێشکەش کردنی هەر چیرۆکێکی شانویی پیویستی بە دیکورو جلو بەرگ و روناکی و موسیقاو ئارایشتو •• هەیە بۆیە یارمەتی دانی تیپە هونەرێکان زۆر زۆر پێویستە • لەکۆتایی دا ئەلێم با هەمو توێژەبەرەکانمان هەڵگرین و لەگەڵ کاروانی خزمەت کردنی شانۆی کوردی دا بکەوینە ڕێ •

مەتەڵ لەفۆلکلۆری کوردی دا

★ جلال مولود سنجاوی ★

مراکی (کەوچك) بیخۆن ، ئەگەر توند بوو بەدەست بیخۆن لۆ نارێن (••••) ئینجا کە وەلامەکەیان گوێ لێ بوو هەموویان دەست ئەکەن بە پێکەنین و نۆرە دێتە سەر یەکێکی تر بەم جورە مناڵانی کوردەواری کات ئەبەنە سەر •

ئەمەش چەند نموونەیەکی ترە لەم مەتەڵانە :

● دادەنیشی هەندی گایەکی یە هەڵدەستی هەندی چیایەکی یە (مەبەست لە رەشماڵە) •

● ئاڵدم باڵدم ، شەش پای دوو سم ، ئەگەر هەڵی نەهێنێ بەسەرتدا دەفسم (تەرازوو) •

● نەیێ هەیەو نەبانی بەهەموو ماڵان دەزانی (دەستار) •

● ئەشکەوتی سەد باڵەوان بە قامکە پوشەکی دەگیرێ (شارەمێروڵە) •

● مردی بەپێوە ، پەڕۆیەکی بە قونێوە (کەندوو) •

● سەد سوار لەبەر سوارەکی دەلەرزێ (تەون کردن) •

● هەندوکە مەندوکە ، لەپێش حاکمان دەلێی بووکە (چرا) •

● قەسری سپی دەمانچە لەسەر (ڕانە مریشك لەسەر برنج) •

● نەپێی هەیەو نەبانی ، هەڵدەستێو دەچنە سەربانی (دوکەڵ) •

● چشتەکم هەیە چشتانی ، لەناو بوخچەی سوڵتانی ، خوا نەبێ قەت کەس نایزانی (منال لەزگی دایکی‌دا) •

● دارەکمان لە حەوشەیە ، سێ لقی لەبەر سێبەرەو دوو لقی شی لەبەر هەتاوە (نوێژ کردن) •

● سی سوار هاتنە شارەکی هەر سی چونە ماڵەکی (رەمەزان) •

● گلۆرە بایەو تێم هەڵدایەو قەت نەبرایە (ڕێگا) •

پاشماوەی : پانزە هەزار کیلومەترو

– ڕامان بە برا نەدیبو ڕۆشنبیرەکانی لای خۆتان ڕابگەیەنن ، کە ئێمە نیمی لاتینی بە پەسەندتر نەزانین بۆ زمانەکەمان •

– ئەمە بۆ دوا ڕۆژ •

ماوەیەکی زۆر دواین • زۆر باسو خواز ئەدەبیو ڕۆشنبیری هێنرانە کایەوەو قسەیان لێوە کرا • لە هەندێکیشیانا لێمان ئەبوە دەمەتەقێو بروڕای جیاوازیان **لە سەر ئەووترا • تا لە ئەنجامدا کارلن دانیشتنەکەی کۆتایی پێهێنا • وتی : « ئەم زیاتر ٥ هەزار کیلومەترو** براەدرانە ئیشی ئریشیان هەیە! با ماتەلیان نەکەین » •

ئەوسا بڵاوەمان لێ کرد ، بەر نیازەی پێش گەڕانەوەمان جارێکی تریش لە گەلیاندا دانیشینەوە •

(١) کارلنی چەچانی خۆی کە بە درێژایی ئەو چوار ڕۆژەی بەریقانمان لە گەڵماندا بوو ، ئەزدامی دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتیی نووسەرانی ئەرمینیاو سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی ئەرمینیایە کە (٣٠) ئەندامیان هەیە •

هەڵبژاردە

بەخێرهاتی

ئەم گۆرانیە فۆلکلۆریە ، وانەکی شایەرو دەروێشی دڵتەڕو بەناوبانگی کوردەواری (ئەحمەدی کۆرە) •• ناوی ئەم دەروێشەو دەنگی دەفەناودارەکەی هەمو کونو کاژێرکێکی دیهاتی کوردستانی تەنیوەتەوە •• کەم کەس لەلادێ کانا هەیە ناوی نەبیستبێو یەیتە تەڕو بڕەکانی لەبەز نەکردبێ ••!!

مەحمود زامدار

بەخێرهاتی پەری‌زادە
لەسەر چاوی دەمنشالان
بەچیم زانی ئەتو هاتی
بەدەنگی تۆق‌وخرخالان
بەدەنگی بازن‌وبەندان
نەتهێشت ئەقلی ئەقل مەندان
تۆم چێتری لە ناوالان ••
تۆم چێتری لەلەیلایی
شیرنتری لە زولەیخایی
مەمو زین هەروەك یەکتایی •••
سیا زولفین تۆم‌دەپرسی
هوبارەك بەتۆ ئەو کورسی •••
ڕوبنیش گێ‌بدێ‌لەوێ بەیتی
دەسوتێ مەشغەلی بەیتی
دەسوتێ مەجلیسی بەیتی
هەروەك پوشی‌ڕۆخ کەندالان •••
تۆم چێتری‌لە ئاوالان
مەگەم قەتەز نەپەروابی
سەرمان نەبرن جودا نابی •••
لەدیداری نەخش‌وخالان
دیداری تۆم بەقسمەت بێ
هەراجی عەردتقیمەت بێ
لەدیداری نەخش‌و خالان
لۆلێم ناپرسی ئەحوالان •• !!

فۆلکلۆری درۆ

مامۆستا محمد توفیق وردی
بۆی ناردووین

خۆ نالێم بێ‌کلکە

درۆزنێکو برادەرێکی‌ڕێك‌کەوتن کە ئەگەر درۆزنەکە قسەیەکی وای‌کرد کە نەچوە ئەقڵەوە برادەرەکەی شانێکی لە شانی بدا •• ڕۆژێ لەرۆژان هەردووکیان لە چایخانەیەك دانیشتبون درۆزنەکە وتی :

« چوومە ڕاو ئازەلێکم کوشت کلکی سی مەتر بوو ! »

برادەرەکەی شانێکی لەشانی‌دا، درۆزن وتی : « بەهەلەچووم بیست مەتر بوو ! » • دیسان شانێکی لەشانی‌دا هەتا گەیاندیە سەر ٥٠ مەتر • دیسان برادەرەکەی شانێکی لەشانی‌دا • درۆزن بەسەری‌داقیراندو وتی :

« ماڵ‌میرات خۆنابێ بڵێم بێ‌کلك بوو ! »

مەنجەڵی
کەس نەدیو !

درۆزنێکی تر خۆی‌هەڵدەکێشاو دەیگوت : « سەد سوار بووین چووینەڕاو ، بەهاربوو ، لێ‌کردین بە باران‌و زریان ، ناچار خۆمان کوتایەناو ئەشکەوتێکەوە • ئەشکەوت ئەوەندە زل‌بووجێگای سەد سواری تریشی بە ئەسپەوە دەگرت • ئاگرمان کردەوە بۆ ئەوەی چایی دەم‌بکەین کە ئاگر مەشخەڵی بڵندبوو سەرووی ئەشکەوت دەستی‌کرد بە سووتان ، کەباش سەرنجمان دایە ئەشکەوتەکە ، بۆمان دەرکەوت‌کە ئەو ئەشکەوتە قارچك (کارگ)ە درۆزنێ تر لەوسەرەوە هەڵی‌دایێو وتی : لەکاتی لاویم‌دا سەربازی‌عوسمانی‌یەکان بووم ، ڕێگام کەوتە شاری شام ، بەناو بازاری مەنجەڵ دروست‌کەراندا ئێ‌پەڕیم‌سەرنجم دایێ چیم دێ؟دیم کە یەنجا وەستا لەناو یەك مەنجەڵدا ئیش‌دەکەن‌هیچیان گوێیان لە شریقەی چەکوچی ئەوی تریان نیە ! درۆزنی یەکەم وتی :

مردوت مرێ مەنجەڵ کەی‌بوە بەو گەورەییە ، مەڵێ مەنجەڵ بڵێ شار ! درۆزنی‌دووەم وتی : مردووی تۆ مرێ ئاخر قارچکێك بەو گەورەییە لەناو مەنجەڵێکی وادا نەبێ دەکولێت ؟!

لە قسەی پێشوونان دەڵێن:

● درۆزن ماڵێ ویرانە !
● درۆزن هەرجارێ پێی‌باوەڕ دەکرێ •
● دواڕۆژی درۆزن بەدبەختیە •

بەڵام من باوەڕم بەوقسانەنیەو دەڵێم :

« ڕاست‌گۆ ماڵی ویرانە » •
« درۆزن هەزار جار پێی‌باوەڕ دەکەن ، کەچی • ڕاست‌گۆ هەتا جارێکیش‌کەس باوەڕی پێ‌ناکات »
«دواڕۆژی درۆزن ڕوون‌وبەختیاری‌یە ! »
جا هەرکەس لەقسەکانم دوودڵە بۆم بنووسێت هەتا ئەو ڕاستیەی بۆ دەربخەم !

پۆستەی خوێنەران

مام هۆمەز هەموو ئەوەو نامانەی کردەوە کە لەم هەفتەیەدا بۆمان هاتووەو وارێکەوت نامەکانی ئەم هەفتەیەشمان وەکو هەموو هەفتەکانی تر زوربەیان شیعربون ، بەهەردوو دەس‌دای بەسەری خۆیا وتی :

– بەردی تۆی لێ بواری ناوەها ، کورە قەومو عەشیرەت ئەوەبۆ واتان وەسەرهاتگەخۆ هەرکەس ئەوینی بووە وە شاعیر !

– ئینجا لالە گیان ئەگەرشیعر بەکەڵك بێو هەست بدابە مرۆڤو دەردێکی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات‌و یا کاتێکی خۆشی پێ ببرێتەسەر و مانایەکی مەعقولی هەبێ بۆ نەبێ ؟

(لالەم پێ کەنی)

– کورە ئەمە تۆ یەڕی چی!دوێنێ کوڕەکەی سەمین لە شمار هاتبووە ، پێم وت ئەری‌ئەفورە ڕۆڵە لەکوێ ئەخوێنی؟ وتی لەمەتکەوی سنحەت‌ئەخوێنم ، وتم تا ئیستە چی فێر بوگی ؟ وتی بوگم وەشاعیر•• نەختێ لە شیقرەکانی بۆ خوێندمۆ وە چل قورحان لێی‌تێ نەگەیشتم ، هەرچەند هەوڵم دا نەختێکیان وە هۆرەبێژم هەر چیم کردو کۆشامو چۆقی ڕەشم کرد هیچیان‌وەکار ئەوە نەهاتن بیکەم وەهۆرە •• تۆ واز لەوە بێرە ئەم قاقەزە چی تیا نووسیاگە •

– ئەمە چوار پارچە شیعری کاك ا • ك زامدارە ، پارچەی یەکەمیان کە ناوی ناوە (لە پێ ناسەکەم سەیرکە) ئەم دوو دێرەمان هەڵبژارد •

کوردمو •• لە کوردستاندا
سەربەست ئەژیم

پارچەی دووەمیان کلیلی‌مەسەلەکەی ون کردوە جگە لەوە کە بۆ مام هۆمەرم‌خوێندەوە سەری باداو وتی :

– (وادیارە شیحر لەسەربنچی خۆی نەڕواوە)

پارچە شیعری سێیەمیان (لە دڵداریەکەم ناگۆزمەوە) ئەگەر بە نووسینێکی ڕەوان‌وبەشێوەی وتارێکی ناسك مەبەستەکەی در ببرایە ئەڕاوەکو خۆی واتەنی :

(بەپێ پەروا وتەکانی‌ئەچڕپان بەگوێ خەنکا)بەو مەرجەی نەی وتبایە (سکی نازیان پێ ئەگەم پڕر) •

بەڵام پارچە شیعری‌چوارەمی چەندە ناسك‌و شاعیرانە پارەکەی لە سەرخۆ ئەدوێنێ ئەڵی :

لە سای نازی لارو لەنجەت
کارەمزی سارا لەسەماکەوت
چوار پەلی شکا ، بێ خەم‌لێی خەوت
مەیدانی جوانی بۆتۆ جێ‌هێشت

من بزانم •• لالەی خۆت‌بێت بێژی دێری دووەمیان وە لەنگی دێتە بەر گوێم •

– قەیناکا تازە شاعیرە ••!

– ئەترسم بێژم‌و وەقسەم‌نەکەی

– فەرمو بڵێ قسەت لەسەرسەرمانە

– توبی‌و خوا پیم بێژە بۆچی شیعرەکانی کاکە (ناسراو)تان بڵاو نەکردگەسۆ

– شیعرەکەی کاك ناسراو لەرووی شێوەو داڕشتنەوە خراپ نەبو بەڵام داخمان ناچێ ناوەڕۆکەکەی لەو ئاستەدا نەبو وەهەندەی بیروباوەڕی لەیەك نەچووی (متناقض) تیا بو بۆیە بڵاومان نەکردەوە داوای لێ‌بوردنی لێ کەین •

– زەحمەت نەوێ ئابزانە ئەم شیحرە چۆنە ؟

– ئەمە کاك خضر دەشتی لە هەولێرەوە ناردویە شێوەی دڵداری‌یەکی لەشیعرەکەیا دیارە جگە لەوە کە لە شیعرەکەیا ئەو بایەخەی نەداوە بە خۆشەویستەکەی یان بڵێیت (دڵدار)ەکەی ! کەئەبوا بدرابایە ••

– ئەی ئەم قاقەزەی ترش‌هەر شێحرە ؟

– بەلی ••ئەمە کاك ك•ا•ح لەهەولێرەوە ناردویە ئەنیا ئەوەندەی بۆ بڵاو کردنەوە شیاتەماشا چۆن شاعیرانە خۆی لەبەر وزەی خوشەویستەکەیا یەختەسار ئەکات ••

ئەی کچی کۆك ••
بۆ سێبەری بالای بەرزت
دێمە سەر چۆك •

– ئەی ئەم چیرۆکە چی بەژێ لەسەر هەردو ڕوی قاقەزەکە نووسیاگە •

– ئەمە چیرۆکی (بروکە بەفرینە)یە جگە لەوە خاوەنەکەی ناوی خۆی نەنووسیوە لەسەر هەردوو ڕووی قاقەزەکەش نووسیویە زیاد لەوە کە باش مەبەستێکی نەئەدا بەدەستەوە بی ناوونیشان هیچ شتێك بڵاو ناکرێتەوە کەوابو نەئێمە دەنگ‌و نەئەو دەنگ •

لاپەڕە : «٦»

institut kurde de paris

پاشماوەی : رەمز لە ئەدەبی ...

تەواوی بە ئایدۆلۆژیەتی ئەو شۆڕشگێڕە هەبێ و لەهەموو کۆڕێکی ژیاندا داکۆکی لێبکات . بەڵام بەینێکە ئەمە تەنها وەکو مۆدێل لەلای هەندە شاعیرو نووسەریکمان بۆتە باو . ئەگینا ئاشکرایە کە مرۆڤی دوو دڵو بورجوازی ، ئەگەرچی بتوانێ تا ماوەیەکیش ئەم جۆرە رەمزانە بە خۆدەرخستن بەکار بهێنێ ، بەڵام ڕۆژگار لە ئەنجامدا پەردەی هەر لەسەر ڕوو لائەداو فرت و فێڵەکەی دەرئەکەوێ .

دیسان بەکارهێنانی رەمز بەو جۆرە ، ئەوە ئاگەیەنێت کە شاعیرو نووسەرەکانمان کوردستان و مەسەلەی ئەتەوەکەی خۆیان فەرامۆش کردوە .

بەڵکو بەپێچەوانەوە ، بەکارهێنانی (هۆشی مین)وەك رەمزێك لە شیعریکدا ، مانای ئەوەیە شاعیر زۆر بەوردی لە مەسەلەکەی خۆی گەیشتوە کە ئەلقەیەکە لە زنجیرەی شۆڕشی چەوساوەکانی جیهان .

جا ئەم رەمز بەکارهێنانەو بەم شێوەیە ، وەنەبێ تەنها لە ئەدەبی ئێمەدا هەبێت . بەڵکو لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیە . چونکە هەموو گەلێك خاوەنی چەندین شاعیرو نووسەری ئازادیخوازی خۆیەتی ، کە وەك ئێمە مەسەلەکەی خۆیان بە ئەلقەیەك لە زنجیرەکە ئەزانن و هێندەی بەتەنگ خۆیانەوەن ، بەتەنگ رزگاربوونی چەوساوەکانی گەلانی تریشەوەن . لەبەرئەوە دروست کردنی دیوار لەنێوان شۆڕش و شوڕشگێڕانی جیهانیدا ، خزمەتی چینی بورجوازی و کونەپەرستان دەکا ، کە مەبەستیانە بەرەی شۆڕشی جیهانی تەفروتوونا کەن و بەر لە بیروباوەڕی سۆشیالیستی بگرن .

هەروەها نابێ رەمزە فولکلوریەکان و پاڵەوانە رەش و رووتەکانی کوردستانی خۆمان فەرامۆش بکرێن . بەڵکو پێویستە ئەم رەمزە کوردیانە شان بە شانی رەمزە جیهانیەکان بەکار بهێنرێن ، کە ئەمە زیاتر یاریدەی شاعیرو نووسەرەکانمان ئەدا کە لە بەکارهێنانی رەمزدا لە(غموض) بەدوور بن . چونکە ئەم بابەتە رەمزە خۆماڵیانە ، خوینەرانمان پتر لێیان شارەزان و ئاشنایەیان لەگەڵیاندا هەیەو جەماوەر بەئاسانی تێیان دەگات . خۆ ئەوەش ئاشکرایە کە ئەدەبی راستەقینەو سوودبەخش ئەو ئەدەبەیە کە لە جەماوەرەوە بێتو بۆ جەماوەر بنووسرێت .

پاشماوەی : ناتەکەس لێنەپرسیو ...

کردەوەو دوو ـ سێ هەنگاوێك ڕۆیشت دیتی کۆمەڵێك خەڵك وەستاون هەریەکەیان قسەیەك ئەکات .

یەکێکی تریش لەولاوە هات هەڵی دایە وتی : بەخوا من دەمێك بوو چاوەڕوانیی ئەمەم ئەکردو لەمێژ بوو ئەمزانی ئەم دیوارە ئەکەوێ .. زۆریشم زۆری کردوە ، بەڵام کەس نەهاتووە بەدەمیەوە .

کابرای لەمەڕ ئێمەش ئەو وەختە تێگەیشت شەو چی ڕووی داوەو ، ئەو هەموو هاوارو ناڵەیەی شەو هی ئەو بەدبەختە بووەو زرمەکەش زرمەی دیوارەکە بووە بەسەریا کەوتووە .

لێوی خۆی کرۆشت و لە دڵی خۆیا وتی : خۆزگە پێم ئەزانی تا بهاتمایە بەدەمیەوە ..

بەڵام پاش چی ؟!

کۆم کرنا فۆلکلۆری ئەرکی ..

گەلەکیت دی بەلکی هندەك برادەر هەنە بێژن بۆ چی دێ خۆ زەحمەت دەین بڤان تشتێن بێمەعنا .

نە .. هۆسا نینە ، زیندەکرنا فۆلکلۆری زیندە کرنەکە بنجەکی گرنگە ژ زەگەزێت مللەتێ کورد .

مللەتێن پێشکەفتی گەلەك بایەخێ ددنە فۆلکلۆرێ خۆ وەك دەرسەکا گرنگ ل کەن .

پرۆگرامێ قۆتابخانا هەتا دگەهتە پلەیا زانستگەهێ گەلەك ـ اطروح ـ ێت دکتۆرایێ لسەر فۆلکلۆری تێنە وەرگرتن .

ئێمیدا مە ئەوە گەنجێت مللەتێ کورد قەلەمێن خۆ بتراشن و بکەفنە دو پیرەمێرو ستران بێژا دا کەلەپورێ خۆیێ رەنگین ژ بەرزە بوونێ قورتال کەن .

دیرۆکا شورەشێت کوردانو ..

ئەمراندنا ڤانشوڕشا :

١ ـ ئێك نەگرتنا کوردان لسەر رێکەکە درست .

٢ ـ نەبونا کارگەهێت چەکان لکوردستانێ ، ئو کێماسیا خارنێ ئانکو ئابوریێ .

میری هەولدا کو کوردا هەمیا بکەتەئێك ببنە قولپەك ، جوداهی نەهێلا دناف وەلاتیدا، هنارتە دیف سەروکێت کوردا هەمیا ..

یاەای

پاشماوەی : بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی ...

بەکاربهێنن ، بەڵام هەرگیز لە توانایاندا نابێ خۆیان لەبەردەم تەوژمی بزوتنەوەی ئەم سەردەمەی گەلانی جیهاندا راگرن .

وە لەکۆتاییدا بەیاننامەکەدا ئەڵێ :

حکومەتی کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریاو گەلی کۆریا زیاتر تێدەکۆشن لەپێناوی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە کۆریا خوارو وە گەزمە دەدەن بە خەباتیان لە پێناوی یەکگرتنەوەی خاکی نیشتمانو پاراستنی سەربەخۆیی گەل یەگوێرەی ناوەڕۆکی بەیاننامە دووقۆلی یەکەی نێوان ژوورو وخوارو کە لە ٤ی تەموزی ساڵی رابوردوودا بلاو کرایەوە .

گەلی کۆریا دڵنیایە لەوەی سەرکەوتن وەدەست دەخاو نیشتمانمان یەك دەگرێتەوە .. پشتیشمان لەم رێگەیەدا بەهاوکاری کردنی تێکڕایی گەلانی ئازادیخوازی جیهان ئەستورە .

پاشماوەی : خەباتی چەکدارانە ....

رەچاو نەکرین و پەیرەو نەکرین ئەوا جڵەوی مەسەلەی قەلەستین هەرگیز نایەتەوە دەست خاوەنەکەی و وەك تۆبیك بەدەس « بازرگانە عەرەبەکان » و دەوڵەتانی تری خاوەن بەرژەوەندیەوە ئەبێتو لەباتی گەلی فەلەستین ئەوان ئامانجەکانی خۆیان دێننەدی .

بەڵام مێژووی خەباتی گەلان هەمیشە ئەو راستیەشمان ئەخاتەوە بەرچاو کە گەنیك ئەگەر ملی رێی خەباتی سەختو بێوچانی گرتو زاتی قوربانیدان و لەسەر شورش رویشتنی هەبو ، درەنگ بێیان زوو هەرسەر ئەکەوێتو داگیرکەرو چەوسێنەرەوەو ناحەق هەر ئەشکێنێتو لەناو ئەچێت . وە ئەمە رەوتی مێژوەو هیچ هیزیك لەوزەیدا نیە بەری بگرێت .

پاشماوەی : بەرەسمی ناسینی ئیسرائیل ...

(ازمة الطاقة)و وەستاندنی نەوتی عەرەبدا ناچار بوو بیرتك لە وەزعی داهاتوو بکاتەوە .

ئەمریکا باشی دەزانی کە وەزعی « نەشەڕو نەئاشتی » هەمووکاتێك ئیمکانی هەیە بگوردرێ و وەزعەکە بەقازانجی هێزە شۆڕشگێڕەکان تێك بدا . بۆیە تینی بۆ دەوڵەتە عەرەبیەکانی سەر بەئەمریکا هێنا کە بکەونە وتوویژی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل . بەڵام بۆ بەدبەختی ئەمریکا دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەب لەترسی ڕق و بیزاری گەل لەیاندوێرا بکەونە ئەوجۆرە وتوویژەوە . لەلایەکی ترەوە سەهیونیستەکان نەوەندە لەخۆ بایی ببوون کە بەهیچ جۆرێك نەدەچوونە ژێر باری بەجێهێشتنی ئەوخاکانە کە ساڵی ١٩٦٧ داگیریان کردبوو هەرچەند ئەمەریکا پاڵپشت و پشتیوانی راستەقینەی ئیسرائیلە بەڵام خۆی و قازانجی خۆی لەلایەن جوولانەوەی رزگاریخوازی عەرەبو بەرگری فەلەستینەوە لەمەترسیدا دەدی ... بۆیە ئەمریکا قبوڵی کرد کە ئیسرائیل بەشێك لە خاکی داگیرکراوی عەرەب بەجێ بهێڵێ ، بەوشەرتە هیچ زیان و مەترسیەك تووشی دەوڵەتی ئیسرائیل نەبێ . لەبەر هەمووی ئەوەوە میسرو سوریا لەجیاتی شەڕێکی درێژخایەن شەڕێکی نیوەچڵیان لەدژی ئیسرائیل هەڵگیرساند . هەر چەند میسروسوریا ئەوشەڕەیان دژی ئیسرائیل دەست پێ کرد بەڵام ئەردەن کە سێهەم دەوڵەتی بەرەوڕووی ئیسرائیلە نەیەویست لە جەبهەی ڕۆژهەڵاتەوە بەکردەوە بکەوێتە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل ، چونکە رێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە . هەروەك چاوەڕوان دەکرا بۆ داپۆشینی ئەوخەیانەتە بەشێك لەسوپای خۆی نارد جەبهەی شیمالی . تەنانەت ئەوبەشدار بوونەش ! بەبێ ئاگاداری ئیسرائیلیەکان نەبوو بێجگەلەوەش کە ئەوبەشە سوپایەی نارد رابووش بەشدار یەکی ئەوتۆی لەشەڕدا نەبوو کە شایانی باس بێ .

مەلیك فەیسەلیش چەکێکی یەك میلیارد دۆلاری کۆمەك بە سوریا کرد کە لەڕاستیدا قازانجی هەرئەوە بوو کە سوریای بەرەو مەلبەندی نفوزی سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان راکێشا .

قبوڵ کردنی پریاری تەقەڕاگرتن و لەوەش تاڵتر قبوڵ کردنی پرۆژەکەی کیسنجێر لەلایەن میسرەوە لەراستیداو ئەگەر رووتووشی نەکەین مانای بەرەسمی ناسینی ئیسرائیلە ، مانای خۆبواردن لە مافی گەلی فەلەستینو هەروو گەلی عەرەبە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ، یانی قبوڵ کردنی دەوڵەتێکی دەستدرێژکەرو داگیرکەر ، یانی قبوڵ کردنی پێگەی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم لەناوجەرگەی ولاتانی عەرەبیدا ، یانی داپین کردنی قازانجی ئەمریکاو تەسلیم بوون بۆ شەرعیەتی دەوڵەتێکی داگیرکەرو رەگەزپەرست .

گەلی فەلەستینو رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئیستا بە قۆناخێکی دژواردا تێدەپەڕن ، زۆر پلانو ئاژاوە لەگۆڕێدا بۆ تەنگەبەرکردنی شەڕی رزگاریخوازی گەلی فەلەستین . ئەوپلانانە دژی هەمووخەباتێکی دژی ئیمپریالیستیو سەهیۆنیستی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لە هەلومەرجی ئێستادا .

لەبەرئەوە ، هێزە کۆنەپەرستەکانی جیهانو ئەودەوڵەتە عەرەبیانە کە لایەنگری رێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلن بەهەموو ریگایەك دەیانەوێ تەوژم بخەنە سەر رابەرانی رێکخراوە فەلەستینیەکان بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان بگۆڕنو دامەزراندنی « دەوڵەتێکی فەلەستینی » وەك بەشێك لەوشتەی ناویان ناوە بەرنامەی ئاشتی ، قبوڵ بکەن . هەروەك هێندێك لەڕابەرە فەلەستینیەکانیش کە ماهیەتی شۆڕشگێری ئەوان نەگەیوەتە رادەی درێژە پێدانی شەڕێکی درێژخایەن ، هەوای دەسەڵاتداریان کەوتۆتە سەرو لەوادەو بەلێنی دەوڵەتە گەورەکانو کۆنەپەرستی عەرەب « حاڵی ! » بوونو «رازی بوونی» خۆیان بەپارچەخاکێك دەربڕیوە کە بەناوی « دەوڵەتی فەلەستین» تێیدا بژین . دیارە بوونی ئەو نیمچە دەوڵەتەش بەشێوەیەکی ئەساسی بە مەسەلەی بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەستراوە ....

گەلانی عەرەب بەپێشوازی گەرمی خۆیان لەوشەڕکەرانەی لەجەبهە دەگەڕانەوەو بەوهەموو داووتەلەبە « متطوع » کە داوایان دەکرد بچنە جەبهەی شەڕو بەکردەوە لە شەڕی رزگاریخوازیدا بەشدار بن ، سەلماندیان کە بە مانەوەی ئیسرائیلی داگیرکەر لەسەر خاکی خۆیان رازی نابن ، ئەو حکوومەتانەش کە پاشملەی گەلەکانیان دەستی رێککەوتنیان بۆ ئیسرائیل درێژ کردوە لەدەستی سزای گەل رزگار نابن .

ئێمە بەهەموو هێزمانەوە پشتیوانی لە فەلەستینی خەباتکەرو لەو رێکخراوە فەلەستینیە قارەمانانە دەکەین کە سەر بۆ هیچ جۆرە تەوژمێك نەوی ناکەن . ئێمە لەولاتی خۆماندا بەرهەلستی هەموو جۆرە زەبروزەنگ و تینو تەوژمێك دەکەین ، بەڵام کەس لە ئێمەی نەبیستوە کە بە رێککەوتن لەگەڵ دوژمن رازی بین . یا سەرکەوتنی یەکجاری یا راوەستان بەرامبەر هەموو ئەوژمو زەبروزەنگێك هەتا سەرکەوتنی یەکجاری ..

پاشماوەی : لەئاوینەی ...

لێڵە »و پێویستی بەگوڕانی بنەڕەتیو ریژیمی چینایەتیو بنیات نانی سیستەمی سۆشیالستی هەیە ، بێگومان ئەمەش تەنیا لەرێگای تێکوشانەوە دەبێت ، بەتایبەتی تێکوشانی چینە زەحمەتکێشەکان کە گورکی برسی یەتی هەرەشەیان لێدەکات .

بۆزانینی ژمارە ـ ١ ـ

وەزارەتی کاروباری ژوورو ـ لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو لیژنەی جێبەجێ کردنی دامەزراوی گەشتی بیارە ـ تەوێڵە ژمارە (١٥٥) بەڵێندانی دروست کردنی ئوتێلیك لە بیارە ـ پارێزگای سلیمانی .

یەکەم ـ لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو هەموو ئەو بەڵێندەرە ـ مصنفانە ـ بانگ ئەکات کە مەرجی بەشداربوونیان تیادایە لە بەڵێندانا ، داواکاری پێشکەش بکەن بۆ دروست کردنی ئەو بینایانەی لەسەرەوە دیاری کراون و ئەو ئیش و کارانە ئەگرێتەوە .

١ ـ کاروباری مەدەنی .

٢ ـ کاروباری میکانیکی (تەکییف و تەندروستی) .

٣ ـ کاروباری کارەبا .

دووەم ـ ئەو بەڵێندەرەی ئارەزووی بەشداربوون ئەکات لەو قۆنتەراتەدا ئەتوانێ دانەیەك لە مواسەفات و نەخشەو مەرجە گشتیەکانی قونتەراتەکەی لەبارەگای وەزارەتی کاروباری ژوورو ـ لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو ـ لیژنەی ژمارە (١٥٥) دەستبکەوێ بەرامبەر بە (١٠) دە دینار کە نادرێتەوە .

سێیەم : پێویستە بەڵێندەرەکان لەگەڵ عەتاتاتەکانیاندا تەئمینا تێکی سەرەتایی پێشکەش بکەن بریتی بێ لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار دیناری نەختینە یاخود کەفالەتێکی مەسرەفی لە بانقێکی عیراقەوەو بەلای کەمەوە تاماوەی شەش مانگ ئیشی پێ بکرێ .

چوارەم : عەتاتات لە زەرفێکی مورکراودا پێشکەش ئەکرێ و ناوی قۆنتەراتەکەی لەسەر ئەنوسرێ و لە یان پێش تەواوبوونی دەوامی رەسمی رۆژی ٣١ ـ ١٢ ـ ١٩٧٣ پێشکەش ئەکرێ بە بارەگای لیژنەی ژمارە (١٥٥) لە وەزارەتی کاروباری ژوورو ، وە نابێ دوای ئەو کاتە عەتاتات پێشکەش بکرێت .

پێنجەم ـ پێویستە لەسەر بەڵێندەر کە لە داواکاریەکەدا پلەی خۆی وەکو بەڵێندەریك بنوسێ لەگەڵ ئەو ئیش و کارانەی لەمە ئەچن و کردوونی و ناونیشانی تەواوی خۆیی و رەقەمی تەلەفۆن ئەگەر هەبوو ، هەروەها ئەبێ هەویەی ژووری بازرگانی و تەئیدی دایەرەی باجی هەبێ و نیشانی بدات .

شەشەم : هەر بەڵێندەریك عەتایەك بەپێچەوانەی ئەو مەرجانەی سەرەوە پێشکەش بکات پشت گوێ ئەخرێ .

حەوتەم : لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزەم نیە بە قبوڵ کردنی نزمترین عەتاتات .

هەشتەم : ئەو بەڵێندەرەی قۆنتەراتەکەی پێ ئەسپێردرێ پێویستە لەماوەی (١٠) رۆژدا سەر لە سکرتارێتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو بدات بۆ مۆرکردنی پەیمانەکە ، وە بە پێچەوانەوە ئەگەر بەڵێندەرەکە ئامادە نەبوو ئەوا ئەتوانرێ قۆنتەراتەکە بدرێ بە بەڵێندەرێکی تر .

سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی
دامەزراوی دووڕیانی گەشتی
بیارە ـ تەوێڵە
ئەندازیار ظاهر حسین محمود

بۆزانینی ژمارە ـ ٢ ـ

وەزارەتی کاروباری ژوورو ـ لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو لیژنەی جێبەجێ کردنی دامەزراوی گەشتی بیارە ـ تەوێڵە ژمارە (١٥٥) بەڵێندانی دروست کردنی مەرافیقی تەرفیهی لەبیارە ـ پارێزگای سلیمانی .

یەکەم : وەزارەتی کاروباری ژوورو ـ لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو هەموو ئەو بەڵێندەرە ـ مصنفانە ـ بانگ ئەکات کە مەرجی بەشداربوونیان تیادایە لە بەڵێندانا ، داواکاری پێشکەش بکەن بۆ دروست کردنی ئەو بینایانەی لەسەرەوە دیاری کراون و ئەو ئیش و کارانە ئەگرێتەوە .

١ ـ کاروباری مەدەنی .

٢ ـ کاروباری تەندروستی .

٣ ـ کاروباری کارەبا .

دووەم ـ ئەو بەڵێندەرەی ئارەزووی بەشداربوون ئەکات لەو بەڵێندانەدا ئەتوانێ دانەیەك لە مواسەفات و نەخشەو مەرجە گشتیەکانی قونتەراتەکەی دەست بکەوێ لە بارەگای لیژنەی ژمارە (١٥٥)ی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو ـ وەزارەتی کاروباری ژوورو بەرامبەر بە (٢٥) دینار کە نادرێتەوە .

سێیەم : پێویستە بەڵێندەرەکان لەگەڵ عەتاتاتەکەیاندا تەئمینا تێکی سەرەتایی پێشکەش بکەن بریتی بێ لە (٢٠٠٠) دوو هەزار دیناری نەختینە یان کەفالەتێکی مەسرەفی لە بانقێکی عیراقەوە کە بەلای کەمەوە تاماوەی شەش مانگ ئیشی پێ بکرێ .

چوارەم : عەتاتات لە زەرفێکی مورکراودا پێشکەش ئەکرێ و ناوی قۆنتەراتەکەی لەسەر ئەنوسرێ ، لە یان پێش ئەواوبوونی دەوامی رەسمی رۆژی ٣١ ـ ١٢ ـ ١٩٧٣ وە پێشکەش بە لیژنەی ژمارە (١٥٥) ئەکرێ لە وەزارەتی کاروباری ژوورو ، وە نابێ دوای ئەو کاتە عەتاتات پێشکەش بکرێت .

پێنجەم ـ پێویستە لەسەر بەڵێندەر لە داواکاریەکەدا پلەی خۆی وەکو بەڵێندەریك بنوسێ لەگەڵ ئەو ئیش و کارانەی لەمە ئەچن و کردوونی و ناونیشانی تەواوی خۆیی و رەقەمی تەلەفۆن ئەگەر هەبوو ، هەروەها ئەبێ هەویەی ژووری بازرگانی و تەئیدی دایەرەی باجی هەبێ و نیشانی بدات .

شەشەم : هەر بەڵێندەریك عەتایەك بەپێچەوانەی ئەو مەرجانە پێشکەش بکات پشت گوێ ئەخرێ .

حەوتەم : لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزەم نیە بە قبوڵ کردنی نزمترین عەتاتات .

هەشتەم : ئەو بەڵێندەرەی قۆنتەراتەکەی پێ ئەسپێردرێ پێویستە لەماوەی (١٠) رۆژدا سەر لە سکرتارێتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو بدات بۆ مۆرکردنی پەیمانەکە ، وە بە پێچەوانەوە ئەگەر بەڵێندەرەکە ئامادە نەبوو ئەوا ئەتوانرێ قۆنتەراتەکە بدرێ بە بەڵێندەرێکی تر .

سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی
دامەزراوی دووڕیانی گەشتی
تەوێڵە ـ بیارە
ئەندازیار ظاهر حسین محمود

insitut kurde de paris

لە ئەدەبی گەلانەوە :

ئیڤاشتر تیماتەر

کچە شاعیری ئەڵمانیای دیموکرات

گۆڕینی : ئەرسۆ

« ئیڤاشتر تیماتەر »ی کچە شاعیری ئەڵەمانیای دیموکرات، لە ساڵی ١٩٣٠ لەدایك بووە ، سەرەتای ژیانی ئەدەبی ، بە بڵاوکردنەوەی رەخنەو وتاری ئەدەبی دەست پێ کردوەو لەساڵی ١٩٦٧دا یەکەم شیعری بڵاوکردۆتەوە ، ئیستاش بەیەکێك لەشاعیرە هاوچەرخەکانی ئەڵەمانیای دیموکرات دەژمێردرێت .

ئەمەش پارچەیەکە لە شیعرەکانی :



ئازیزەکەم ..!
ژورەکەمان ، بۆتە مەیدانی رمبازی ،
جورجە کوێرە ...
هەموو شتێ دەقرتێنێ ...
بۆیە ، ئەگەر دەزانی چەندە توڕەم ..
توڕە بوونێك ..
لەژیانما ، بەم جۆرە لێت توڕە نەبووم
لەگەڵ ئەوشدا ، ئازیزەکەم..
ژیان ، لەدووری تۆ ، رووبارێکی وشکە ..
هەموو رۆژێ هەزاران جار
لەگەڵ پەیکەری جوانیتا دێمە گوتن ..
بەڵام گیانە ..
رێبواری ئەم رێگا دوورەی ،
قرچەی گەرمای ئەم هاوینە ..
دەبێ بشووی یەکجار درێژ بێ ..
رۆژ ، دەسوتێ ..
بۆیە ، لەخۆم .. هەتاڵەپێخەفی خەوتنیش ..
بێزارم ..
لەگەڵ ئەوەشدا ...
هەستم ، لەناخەوە ..
تیشکی رووناك ..
لە پەنجەرەی هیوام نابڕێت .

لەگەڵ نەوەو تەمەن درێژەکان

نهینی تەمەن درێژی ، هەندێ کەس تا ئیستا چەندین تیوری جیا واز لەیەکی لەناو پزیشکەکانی ئەم سەردەمە پەیدا کردوەو نەگەیشتونەتە ئەنجامێکی راستو گشتی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە زیاتر پاڵی ناوە بە پزیشکەکانەوە کە کۆڵ نەدەنو دیراسەتی تەندروستی بەساڵا چوەکانی شوێنە جۆر بەجۆرەکان بکەن ، ئەوەتا دوکتور « دافید دیفس » لەزانستگای لەندەن چوە بۆ هەرێمی « ڤێلکا بامبا » لە « ئەکوادۆر » کە دەستەیەکی لەو پیرانە لێیە کە تەمەنیان لە سەد ساڵ تێ پەڕیوە ، لەوێ ئەوانەی پێشوازی کردوون یەکێکیان ناوی «میگل کاریبو»یە تەمەنی ١٢٣ ساڵە ، سەیر ئەوەیە هەردووکیان رۆژی نیو بوتڵ ئارەق ئەخۆنەوە ! وە رۆژی سێ پاکەت جگەرە ئەکێشن ! خەڵکی « ڤێلکا بامبا» ژیانێکی ئاسایی ئەژین ، مانای ئەوە نازانن کە ئەبێ لەشەست ساڵیدا لەئیش کردن بوەستن .

وەنەبێ هەر لەوێ پیری تەمەن درێژ هەبێ بەڵکو لەیەکیتی سوڤیەت ، بەتایبەتی لەقۆقاز وەکوو دەرکەوتوە (٤٥٠) پیری تەمەن درێژی تیایە ، زوربەیان لە هەرێمی جۆرجیاو ئازربێجان ئەژین ، دوکتور (لیگا) لە گوندێکی بچکولە ناوی (کوتول)ە لەجۆرجیا پیرژنێکی دیوە ناوی (کنف لازوریا) یە تەمەنی ١٣٠ ساڵە رۆژی پاکەتی جگەرە ئەکێشیت ، نیوەرۆیێکی (فۆدکا) ئەخواتەوەو ئیوارەش پێکێك .

وە لە ئازربیجان پیرترین کەس ناوی « شیا لی بابا میسیلموف »بوو لەساڵی١٨٠٦هاتۆتە دنیاوە ، (١٦٧) ساڵ ژیا ئەم بەپێچەوانەی ئەوانی ترەوە نە جگەرەی ئەکێشا و نە مەی ئەخواردەوە ، تەنیا شیروسەوزەو کەمێك گۆشت ، هەمیشە ئەجوڵا هەموو رۆژێ چەند ساڵێك لەبەرهەوای پاکدا ئەگەڕا .

بە شێوەی گشتی ئەو تەمەن دریژانە لەشوێنی بێدەنگدا ئەژین، لەناو هەوای پاك و زەوی بەرز کە گەیشتوتە ١٥٠٠ مەترە لەرووی دەریاوە ، بەڵام بۆ مەسەلەی ئاو هەوای گەرم یا ساردو جگەرە کێشان وخواردنەوە پەیوەندیان بەتەمەنی درێژی یەوەنییە ، بەڵام هوی میراثی پەیوەندیەکی زۆری بەوەوە هەیە ، خەڵکی قەوقازوسیبیریاو هەمالایا تەمەنی درێژی زۆر تیادایەو ژنەکانیان بەتەمەن ترن لە پیاوەکان .

وە هەندی لەپزیشکەکان هیوای ئەوەیان هەیە کە تەمەن درێژ ئەکرێتەوە ئەگەر بتوانرێ ئەو شانایەی (خلیە) لە لەشی مرۆڤ بەهیز بکرێو ژیانیان درێژ بکرێتەوە ، دوکتور (ئالکس کومفورت) لەزانستگای لەندەن ئەڵی لەساڵی ١٩٩٠ بە شێوەیەکی بایبەتی کە هەرزانی تێ ئەچێ ئەتوانرێ تا هەشت ساڵی لاویەتی بپارێزرێ .

بەڵام زانا کۆمەڵایەتیەکان ترسیان لێ نیشتوە چونکە ئەگەر وابێ تەنکو چەڵەمەی ئیش دەست نەکەوتن بەهوی تەقاوت نەبوونی پیرەکانەوەدیتە کایەوە ، بەڵام ئەمە لە روانگەیەکی رەش بینەوە دێ وبنچینەیەکی لەقی هەیە .

بەدەسکاریەوە لە گۆڤاری(دنیا العلم)وە ژمارە ٢٩ تشرینی دووەم ساڵی ١٩٧٣وەرگیراوە « فەهمی قەرەداغی »

ئابە پێیر

هەقداری منداڵە بێ دەرەتانەکان وخوێنەری مرۆڤێکی جوامێر

لە فارسیەوە کراوە بەکوردی

تا ئەوکاتە دانیشتوانی فەرەنسە ساڵی وائووشو بەفرو سەرماپان نەدیبو ، بەفر رێگاکانی گرتبو ، سەرما هەموو دەرگایەکی ئەتەقاندەوە ، لەناوهەژارو دەسکورتەکانا برسێتی-یەکی سامناك لەدایك بوو ..رادیۆی فەرەنسە لەناکاو بەرنامەی ئاهەنگی مۆسیقای بریو (ئابەپیر)ی دڵسۆز بەدەنگە بەسۆزەکەیەوە بانگی کرد :

(بافریای بێدەرەتانەکان بکەوین .. باگیانی هەژارەکان لەبرسێتیو مەترسی مردن رزگارکەین ...) .

ئەم بانگەوازە بەجۆرێك ولاتی فەرەنسەی شڵەقاند تەنانەت ئەوانەش کە تاکو ئەوکاتە بیریان لەهیچ رووەیەکی مرۆڤایەتی نەکردبۆوە ! لەریزی پیتاك دەرەکاندا خۆیان بۆ پێشەوە ئەکوتا .. ماڵی (ئابەپیر) بوو بەبنکەی کۆکردنەوەو دابەش کردنی پیتاك و پارمەتیەکان ، ناوبانگی مرۆڤایەتی(ئاباپیر) سەرانسەری ولاتی گرتەوە تەنانەت (چارلی چاپلن) بەتایبەتی چوو بۆ سەردانی و زۆر سوپاسی ئەو دڵسۆزیەی کرد .. (ئابەپیر) لەگەڵ واقیعی ژیانی خەڵکی هەژاری فەرەنسەدا ئەژیا ، هەمیشە بێپەروا لەسەردانی کارگەکانو لەناو وەرزێرە کاناو لای سەربازو رۆشنبیرەکانو شوێنە گشتیەکانا ستایشی مرۆڤایەتی ئەکردو خەڵکی بۆ سەر رێگای مرۆڤایەتی هان ئەدا .. ئەوەتا لەم وێنەیەدا (ئابەپیر) لەنێوان چەندکچێکی هەتیوی بێکەسدا راوەستاوەو گەمەو گاڵتەیان بۆ ئەکات ..

« با رەووشتی (ئابەپیر) نمونەی هەریەکێك لە ئێمە بێت) .

وێنەیەك لە کوردستانەوە

کیژۆڵەکەی کوردستان ، خۆشەویستی ئەم ژیانە لەبێژنگ بە باوەڕ بە پاشە رۆژی رووناك بکە ، تەپو تۆزی رەش بینی ، لەبنی بێژنگ بدەو راماڵی کە ... با زەردەخەنەی باوەڕ بە ژیان ، بە سەرکەوتن ، بە بەختیاری ، لوتکەی چیا سەرکەشەکان ماچ کات ، زەردەخەنەی نەمری سەر لێوت ، مانای خۆ راگرتن ئەبەخشێ ، ئەبێتە چەپکە گوڵی دەستی منداڵەکانی کوردستان .. پێیان ئەگەیەنێو لەگەڵیانا خۆشەویستی پەرە ئەسێنێ ، رێزو خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆتۆ ...

کیژۆڵەی کوردستان ، با بێژنگی دەستت ژیانو مردن ، رووناکیو تاریکیو بەختیاریو چەوسانەوە خۆش بینیو بەبینی لەیەك جیا بکاتەوە .

سگفان عبدالحکیم

میهرەجانێکی شیعری لە بەغدا

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەشی کوردی - کۆلێجی ئاداب لە رۆژی دوو شەممەی ٢٤-١٢-١٩٧٣ و لە سەعات (٣ر٥) پاش نیوەرۆ میهرەجانێکی شیعری لە هۆڵی « ساطع الحصری » رێك ئەخات .

وەهاتنیش بۆ هەمو ئەدیبو رۆشنبیرانە .

***

دوو بەرهەمی تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی

تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی لەسلەیمانی لەسەر شانۆی قوتابخانەی خالدیەی کوڕان ، دوو شانۆیی پێشکەش ئەکات یەکەمیان « چەخماخە »و دووەم « ژیانی تووتن » ، سوودی ئەم دوو شانۆیە بۆ قوتابیە هەژارەکانی شاری سلەیمانی ئەبێت ، لەم دوو بەرهەمەی تیپی ناوبراودا ئەم هونەرمەندانە بەشداریان کردوە : احمد سالار ، مصطفی احمد ، کمال صابیر ، عبدالله حمە صالح ، طەباراوی ، عمر کریم .

لە ئاوێنەی وشەکانەوە

★ احلام منصور ★

● بەهێواشی لە دەرگایان‌دا، کاتێك دەرگاکەم کردەوە ، پیرەژنێکی پەك کەوتە ، باوەشی پێدا کردمو بەدەنگێکی پڕ لەگریانەوە وتی :

- بەقوربانت بم بو چەند رۆژێك جێگام بکەنەوە بێ کەس و پەك کەوتەم .

- مەگری پورێ گیان ... دنیا ئەوەندە ناهێنێ بەو جۆرە بگری ..

- چۆن نەگریم کچی خۆم ، ئەوەتا لەم شارەدا ، پەنایەك شك نابەم تیایا بحەوێمەوە.. کەسێك نییە چاوی بەزەییم لەروودا هەڵبێنێ ، بەقوربانت بم تۆش دەست مەنی بەروومەوە هیچ نەبێت لەسەر تەنوورەکەتان جێگام بکەنەوە .. زەعیفەم با لەو کۆلانانە نەکەوم ..

● **خوێنەری بەرێز :**

ئایە ، من دەتوانم چی بۆ ئەو پیرەژنە بکەم ؟ ئەگەر توانیشم ئایە مەسەلەکە بەوە کوتایی دێت ؟!

دیارە ، ئەم گیروگرفتە ، تەنیا تایبەتی نییە بەئافرەتەوە یەکێکە لەو دیمەنانەی ، هەموو رۆژێك بە دەها جار بە بەر چاوماندا رەت دەبێت ، کەمێ ورد بوونەوە ، وامان لێ دەکات زیاتر هەست بە ئازارو چەوسانەوەی میللەتەکەمان بکەین‌و هوشیاری چینایەتی‌مان قوڵترو بەهێزتر بێت ...

● لەو وڵاتانەی لەقۆناخی دەرەبەگی‌و سەرمایەداری‌دان ، مرۆڤ بەهەموو شێوەیەك دەچەوسێنرێتەوە ، بۆ نموونە کرێکارێك، تا ئەو کاتەی توانای کارکردنی هەیە هێزی با زووی دەفرۆشی‌و کۆشك‌و باڵەخانەی دەقات بنیات دەنێت بێ ئەوەی خۆی خاوەنی ژورێك بێت ، کاتێکیش پیر بوو ، توانای ئیش‌کردنی نەما ، ئەگەر - ضمانی کۆمەلایەتی - نەیگرێتەوە چەندین دەردی سەری توش دەبێت‌و دورنییە لەبرسا نەکەوێتە سوال‌کردن.

● کەواتە ، وەك چۆن ئەم دەردە تەنیا دەردی ئەو پیرە ژنە نییە ، ئاوەهایش ، بەرەفتاری چاکی تاکە کەسێك « واتە جێ‌کردنەوەی ئەو پیرەژنە » چارەسەر ناکرێت ، چونکە « ئاوەکە لە سەرچاوەوە

بروانە ل ٧

گۆشەی ئافرەتان

ئامادەکردنی : شیرین

خوشکی بەریز :

ژیانی ژن‌و مێردایەتی ،بەبێ دەمەقاڵی‌و ناکۆکی نابێت ، ئەمە مەسەلەیەکی سروشتی‌یە ، بەڵام بەردەوام ژیانی ژن‌و مێردایەتی لەو ناکۆکی‌یەدا بمێنیتەوە ئەمەیان شتێکی سروشتی نییە ، ناکۆکی ، گیروگرفت نییە لەدنیادا نەتوانرێت چارەسەر بکرێت ، بە باوەڕی ئێمە ، لەنێوان ژن‌و مێردا رێگای رێکەوتن‌و لێك نزیك بوونەوە زیاترە لەرێگای قوڵ‌کردنەوەی گیروگرفت‌و ناکۆکی ، هەندێك جار ، ژن قیرسیچمەی ئەیگرێت‌و بەقەدەر زەرەیەك لە داواکاری خۆی نایەتە خوارەوە، هەندێك جاریش پیاو ئەم دەورە ئەگێڕێت ، وە لێرەوە کارەسات دەست پێ‌ئەکات . چاکتر وایە ، بۆ سوودی پاشەرۆژی خۆیان‌و بنەڕەتی ژیانی خێزانیان سەرنج لە هەموو کاروبارێك بەن .

هەواڵ :

ئافرەت لەمەیدانی هونەرو وەرزش‌دا

● « مرگرتیا فولودنیا » ئەکتەرێکی بەناوبانگی سوڤیەتە ، لە سەرەتای ژیانی هونەری‌یەوە لەچەند فلیمێك‌دا بەشداری کردوە ، کە دەوری کچێکی تازە پێ‌گەیشتوی تیا بینیوە ، لەم دواییەشدا لەچەند فلیمێکی جەنگی‌دا دەوری سەرەکی پێ‌دراوە ، دوا فلیمیان « کارەساتی بەهیواکان »ە کە لەم وێنەیەدا دەر ئەکەوێت‌و دەوری ئەفسەرێك ئەبینێ .

● تیپی گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی بولگاریا ، هەموو ئەندامەکانی ئافرەتن ، ئەم تیپە لەساڵی ١٩٥١دا دامەزراوە ، لەپێشەوە بەرهەمەکانی لەسەر شانۆکانی ناو بولگاریا پێش‌کەش ئەکرد ، بەڵام ئیستە ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کردوە ، سەرۆکی تیپەکە « مارگریت دیکۆفا » سەرۆکی ئەم تیپەیە ، کە زوربەی تابلۆ هونەریەکانی ئەم تیپە ، ئەو ئافرەتە ئامادەیان ئەکات ، تاکو ئیستە تیپی ناوبراو بیست‌و دوو جار چۆتە دەرەوەی بولگاریاو لەسەر شانۆکانی سوڤیەت‌و چیکوسلۆڤاکیاو بەریتانیاو شیلی‌و مەکسیك‌و ئیتالیاو فەرەنسا هەڵپەرکێ‌و گۆرانی پێش‌کەش کردوە .

● ئیڤا جلسکوڤا ،پاڵەوانی وەرزشی راکردنە لە جیهاندا ، ئەم ئافرەتە ، لە ١١ ساڵیەدا سەد مەتر ئەبڕێت‌و تا ئیستە چەند مەدالیایەکی پاڵەوانیتی وەرگرتوە .

لە دەرەوەی سنوور

● ئەمە وێنەی دوو کچە قوتابی نەتەوەی « ئولنچیۆن »ە کە یەکێکە لە نەتەوەکانی کۆماری گەلی چین ، لەمەوبەر خوێندەوارێك لەم نەتەوەیەدا نەبوو ، ئیستاکە نەخوێندەواری بە یەکجاری لەنێویانا بنە بڕ کراوەو هەموو منداڵانی ئەم نەتەوەیە ، کە بەڕاو شکارەوەخەریکن لە قوتابخانەدا بەبێ هیچ جۆرە باجێك ئەخوێنن .

● ژیانی نوێی راوچیەکان ●

دە هەزار ژن‌و پیاو زیاتر لە ئەکتەرانی تیپە شانۆ بیەکانی فەرەنسا ، خۆپیشاندانێکیان لەشاری پاریس رێکخستو‌و بەشەقامەکاندا سوورانەوەو داوای سەربەستی بیروباوەڕیان ئەکرد .

بەمەش نارەزایی‌ان دژی بڕیارەکەی وەزیری رۆشنبیری فەرەنسی « مۆریس درۆیی »دەربڕیوە کە بەپێی ئەو بڕیارە یارمەتی میری لە تیپە شانۆیی-یەکان بڕرا ، بەهوی پەیڕەوێتی بیروباوەریانەو دژایەتی کردنی دەوڵەت ، بۆیە وەزیری ناوبراو وتویە : ئەو یارمەتی‌یەی میری ئەیانداتێ بۆ دروست‌کردنی بۆمبای مۆلۆتوفە .

لەم وینەیەدا « سیرج رێژانی » ئەکتەری فەرەنسایی بەناوبانگ لەگەڵ کچەکانی‌دا ئەبینرێ .

پیشانگای چوارەمی هونەرمەندەکانی سلەیمانی

هەفتەی رابوردوو ، بەسەرپەرشتی پاریزگاری سلەیمانی مامۆستا علی عبدالله‌امین ، نەقابەی مامۆستایانی کوردستان - لقی سلەیمانی پیشانگای چوارەمی هونەرمەندەکانی سلەیمانی لە هۆڵی « دار الطلبە » کردەوە ، ٢٠ هونەرمەندی کورد بەتابلۆکانیان‌لەم پیشانگایەدا بەشداریان کرد .

Institut kurde de paris